میر حازم تەحسین بەگ: سەرۆک بارزانی گوتی هەتا زیندووو بم ئێزدی و شنگال لەبیر ناکەم

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5804) دووشەممە 5ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی جیهان لە ڕێورەسمی پێنجەمین ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی سوپاسی سەرۆک بارزانیی کرد کە هەردەم پشتیوانی کوردانی ئێزدییە. میرحازم تەحسین بەگ، لە پەیڤێکدا گوتی: من و بابە شێخ و جڤاتی ڕۆحانی دوو ڕۆژ دوای کارەساتی شنگال چووینە لای سەرۆک بارزانی، میر تەحسین ئەوکاتە لە ئەڵمانیا بوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە:

بەغدا لەگەڵ خەڵکی شنگال ڕاستگۆ نییە

پێنج ساڵ بەسەر داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشدا تێپەڕ دەبێت و هێشتا زۆرینەی خەڵکی شارەکە بەهۆی بوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و چەکدارانی پەکەکە، لە ئاوارەییدا دەژین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕزگاربووانی ئێزدی سیمبول و شەرەف و هێمای مەزڵومیەتی وڵاتی ئێمەن

نێچیرڤان بارزانی: ئێزدیاتی، لالش و شەرەفەدین لە کوردستان جیانابنەوە



دوێنێ یەکشەممە 2019/8/4 بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییانی جیهان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و نوێنەرانی حکوومەتی عێراق و وڵاتانی دەرەوە، هەروەها بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسوکاری قوربانییانی ئێزدی، مەراسیمی یادی پێنج ساڵەی جینۆسایدکردنی شنگال و کوردانی ئێزدی بە دەستی تیرۆرستانی داعش، لە هۆڵی کۆنفرانسەکانی شاری دهۆک لەژێر ناونیشانی "جینۆسایدا شنگال بەرەڤ ئاڤەدانی و ژیانێ" بەڕێوەچوو.

لە میانی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، جێنین پلاسخارت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: پێویستە بۆ لەمەودا باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بکەین نەک ڕووداوەکە. ڕاشیگەیاند: ئێزدییەکان بە منیان گوتووە، لەلایەن عێراقەوە پشتگوێ خراون و دەشپرسن بۆچی تاکو ئێستا ئیدارەیەکی خۆجێی شنگال نییە؟ ئاماژەی بەوەش دا، پێویستە حکوومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان هەوڵی خۆشگوزەرانیی و ئاوەدانکردنەوەی قەزای شنگال بدەن. هەر لە مەراسیمەکە، هەر یەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری دهۆک، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وتاری خۆیان پێشکەشکرد و ئاماری زیانەکان و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی ئێزدییەکانیان خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمەکەدا وتارێکی پێشکەش کردو ڕایگەیاند: ئەمڕۆ بە ڕێز و شکۆدارییەوە یادی قوربانییانی دڕندەترین کارەساتی سەدەی 21دەکەینەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: ڕزگاربووانی ئێزدی سیمبول و شەرەف و هێمای مەزڵومیەتی وڵاتی ئێمەن و هەرێمی کوردستان هەمیشە مالّی هەموو ئایین و نەتەوەکان دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی گوتیشی: لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و فەرمانەی بەسەریاندا هاتووە، ئێزدی وەکو کولتووریێکی زیندووی پێکەوەژیان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، لەسەر خاکی خۆیان ماون و بۆ هەتا هەتایەش دەمێنن، ئەوان دەمێنێتەوە و لالش و مەزاری شەرفەدین دەپارێزن، ئەو جینۆسایدەی لەلایەن داعشەوە بەسەر ئێزدیاندا هات، شتێکی کەموێنەیە کە تا ئێستا 80 گۆڕی بەکۆمەڵ و سەدان گۆڕی دیکەش دۆزراونەتەوە.

(دەقی وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ل3 بخوێنەوە)

داعش و قاعیدە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن و دەیانەوێت دۆخی مەخموور تێکبدەن

بەرپرسی لقی مەخموری پارتی گوتی، لە ئێستادا لە سنووری مەخموور داعش و قاعیدە خۆیان ڕێکدەخەنەوە، بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆرستی لەو سنوورە ئەنجام بدەن، بۆیە مەترسیی جیددی لەسەر مەخموور هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

حیزبی شیوعیی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا نییە بەو هەلومەرجەوە هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت

سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان ڕایگەیاند، لەگەڵ ئەوەدا نین بەو هەلومەرجەوە هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، دەبێ ڕەوشی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕوونکردنەوەیەک
لە پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکییەوە

پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکی ڕوونکردنەوە و پەیامێکیان بڵاوکردەوە، دوێنێ ئەو ڕوونکردنەوەیە گەیشتە خەبات. **(دەقەکەی لە ل5 بخوێنەوە)**

هۆشداری لەبارەی بەشداریکردنی هەزاران عەرەبی هاورده لە هەڵبژاردنی کەرکووک دەدرێ

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هەزاران عەرەبی هاورده دەتوانن لە کەرکووک دەنگ بدەن کە ئەوەش بە زیانی کورد دەشکێتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ «خەبات»:

پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاماژە بەوە دەکات، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



Nadine Besler Maenza is in Baghdad, Iraq.
18 hrs

What are the odds that my daughter **Julia** would have an article published in Iraq as I am arriving in the country? Thanks **Mariwan**! You can read the text in English here https://www.fpri.org/article/2019/07/the-kurdish-struggle-for-autonomy-from-the-1970s-to-the-present/

نەدین ماینزا جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینییەکان لەحکوومەتی ئەمەریکا وێنەی ڕۆژنامەی خەباتی بڵاوکردۆتەوە لەپەیجی خۆی سەبارەت بە ڕاپۆرتێک کە کچەکەی نوسیوویەتی و ئێمەش لە «خەبات» بڵاومان کردبۆوە.

پەرلەمان پڕۆژەیاسای دانەوەی پاشەکەوتی مووچە ئاراستەی حکوومەت دەکات

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە پڕۆژەیاسای دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

مازوو
دەروازەی بڕێوبیە بۆ گوندنشینان

لە سێرت مازووەکان دوای ئەوەی لە درەختەکان دەکرێنەوە و کۆدەکرێنەوە، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە هەنارەدەی چەندین وڵاتی جیهان دەکرێن و ئەمەش سەرچاوەی بژێوی و داهاتە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



بوومەلەرزەکەی دوێنێی ئیندۆنیزیا کە 6.8 پلەی ڕیختەر بوو، بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج کەس

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە



لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ خاتوو جێنین پلاسخارت نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، خاتوو پلاسخارت باسی لە سەردانی مەیدانیی خۆی بۆ دهۆکەری شەنگال، ئەو کارەساتەی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هاتووە، جێگیرکردنی سەقامگیری لە ناوچەکە و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە 2019/8/4 لە دهۆک بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێک دەدات بڕینی قوربانیانی خەڵکی شەنگال و دەوروبەری ساڕێژ بکرێت و لەمبارەیەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و فەراهەمکردنی ئاسایش لەو ناوچانەی بە پێویست زانی .

داعش و قاعیدە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن و دەیانەوێت دۆخەکە تێکبدەن

کرمانج عەبدوڵڵا: مەترسیی جیددی لەسەر مەخموور هەیە



بەرپرسی لقی مەخموری پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لە ئێستادا لە سنووری مەخموور داعش و قاعیدە خۆیان ڕێکدەخەنەوە، بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆرستی لەو سنوورە ئەنجام بدەن، بۆیە مەترسیی جیددی لەسەر مەخموور هەیە و ئەگەر چارەسەری دۆخەکە نەکرێت، زۆر خراپ دەبێت. کرمانج عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دۆخی مەخموور لە ڕووی ئەمنییەوە زۆر خراپە و لە ئێستادا زانیاریی ورد هەیە، کە لەو سنوورە نەک تەنها داعش، بەڵکو ڕێکخراوی تیرۆرستیی قاعیدەش خۆیان ڕێکدەخەنەوە، بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆرستی لە سنووری مەخموور ئەنجام بدەن و دۆخەکە بە تەواوی تێکبدەن، بۆیە مەترسیی جیددی لەسەر ئەو ناوچانە هەیە.

بەرپرسی لقی مەخموری پارتی دەشڵێت: لە سنووری مەخموور نەک تەنها بۆشایی ئەمنی، بگرە بۆشایی سیاسی و عەقڵییش هەیە، چونکە تاوەکو ئەو هێزانە و دەسەڵاتی ناوچەکە بەو عەقڵییەتە کار بکەن، دۆخی مەخموور لەوە باشتر نابێت و زۆر خراپتریش دەبێت، بۆیە پێویستە گۆڕانکارییەک بکرێت و بەغدا بێتە سەر هێڵ و لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخی ئەو ناوچانەوە بگەنە ڕێککەوتن.

ناوبراو ئاماژەشی دا، هەر کاتێک ڕێککەوتن کرا و دۆخەکە ئاسایی بووەوە و هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانەیان گرتە ئەستۆ، کردەوەی تیرۆرستی کەم دەبنەوە و دەتواندرێت دۆخەکە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام ئەو هێزانەی ئێستا هەن، بێتوانان و ناتوانن پارێزگاری لە خەڵکی ناوچەکە بکەن.

ئافرەتە پارێزەرێکی شنگالی لە ڕێگەی «خەبات»ەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری کوردبوونی ئێزدییەکان دەخاتەڕوو



دیانە-مەریوان نەقشبەندی:

خاتوو سوزان شنگالی پارێزەر و چالاکوانی کوردی ئێزدی لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئەو دەنگانە بە نامۆ دەزانێت کە دەڵێن ئێزدییەکان کوردنین و دەڵێت: ئێزدییەکان ئێستا دووەم پێکهاتەی ئایینی عێراق و هەرێمی کوردستانن و شانازیش بە کوردبوونیانەوە دەکەن و بەڵگەی زۆر ڕوونیش هەیە کە ئێزدییەکان بەشێکی ڕەسەنن لە خەڵکی کوردستان.

خاتوو سوزان شنگالی لە دریژەی دیمانەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: کاتێ ئێزدییەکان کەوتنەبەر شاڵاوی دڕندانە و جینۆسایدی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش هەموو ئێزدیەکان بەرەو کوردستان هاتن و هەموو کەمپەکانی نیشتەجێبوونی ئێزدیش هەر لە کوردستانە و پرسیار دەکات ئاخۆ بۆچی هیچ ئێزدیەک پەنای بۆ ناوچە عەرەبییەکان نەبرد و هەموویان ڕوویان لە کوردستان کرد؟ ئەمە تەنها یەک تەفسیری هەیە، ئەویش کوردبوون و کوردستانیبوونی ئێزدیەکانە و هەموومان شانازی بە کوردبوونمانەوە دەکەین. سوزان شنگالی لەبارەی دڵنیابوونی دەسەڵاتدارانی عێراق لە کوردستانیبوون و کوردبوونی ئێزدییەکان، پرۆسەی دواهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی وەبیرهێنایەوە و گوتی: کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەبەر ئەوەی دڵنیابوو کە هەموو ئەو دەنگانەی ئێزدییەکان کە لەناو کەمپەکانی ئێزدییەکان هەن، هەموو یان 90%ی بۆ پاڵێوراوانی کوردن و بەتایبەتیش بۆ پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن، بۆیە ئەو دەنگانەمان هەژمار نەکران و سووتێندران، ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێستا چەندین پەرلەمانتاری تری کوردی ئێزدی لەسەر لیستی پارتی لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەبوون.

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە بۆ «خەبات»:

بەغدا لەگەڵ خەڵکی شنگال ڕاستگۆ نییە

پێنج ساڵ بەسەر داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشدا تێپەڕ دەبێت و هێشتا زۆرینەی خەڵکی شارەکە بەهۆی بوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وچەکدارانی پەکەکە، لە ئاوارەییدا دەژین. قاسم دەربۆ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند، دۆخی شنگال خراپە، ئیدارەی شارەکە لەوێ نییە، ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نییە.

ڕوونیشی کردەوە کە لە دوای کارەساتەکە، ''ئێزدییەکان پەرش و بڵاو بوون'' بەشێکیان چوون بۆ ئەوروپا، بەشێکیان لە چیای شنگال و بەشێکیشیان لە کەمپەکانن. ئەوەشی نەشاردەوە کە نە حکوومەتی عێراق بە تەواوی لە شنگالە، نە پەکەکەش دەتوانێت بە تەواوی ژیان بۆ شارەکە بگەڕێنێتەوە.

قاسم دەربۆ هۆشداری دا لەبارەی ئەگەری هێرشکردنە سەر شنگال و ڕایگەیاند: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا داعش لە کارگەی چیمەنتۆ هێرشیان کردووە، بەم حاڵەوە چۆن بەرگری دەکرێت؟ کێ لەم دۆخە بەرپرسە؟

ئاماژەشی بەوە کرد کە لە شنگال نە ئاو هەیە و نە کارەبا و تەنانەت ''ژیانیش نییە''بۆیە پرسیاری کرد، بەم حاڵەوە خەڵکی چۆن بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە؟ لەبارەی مامەڵەی بەغدا، فەرماندە کوردە ئێزدییەکەی سەرۆک گوتی: هەتا زیندوو بم، ئێزدییان لەبیر ناکەم و بەرگری لە ئێزدییان و شنگال و چیای شنگال دەکەم.

میر حازم تەحسین بەگ: سەرۆک بارزانی گوتی هەتا زیندوو بم ئێزدی و شنگال لەبیر ناکەم



دوێنێ یەکشەممە میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی جیهان لە ڕێوڕەسمی پێنجەمین ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی سوپاسی سەرۆک بارزانیی کرد کە هەردەم پشتیوانی کوردانی ئێزدییە. میرحازم تەحسین بەگ، لە پەیڤێکدا گوتی: من و بابە شێخ و جڤاتی ڕۆحانی دوو ڕۆژ دوای کارەساتی شنگال چووینە لای سەرۆک بارزانی، میر تەحسین ئەوکاتە لە ئەڵمانیا بوو.

ئاماژەی بەوەش کرد: ئەو ڕۆژە لەبیر ناکرێت کە جەنابی سەرۆک گوتی: هەتا زیندوو بم، ئێزدییان لەبیر ناکەم و بەرگری لە ئێزدییان و شنگال و چیای شنگال دەکەم.

میر حازم لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا گوتی: ئەو فەرمانەی کە پێنج ساڵ لەمەوپێش بەسەر ئێزدییاندا هات و ویژدانی جیهانی هەژاند، هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە، چونکە هەتا ئێستا 350 هەزار خەڵکی ئێمە لە کەمپەکاندا دەژین و سێ هەزار و 500 کچ و ژنی ئێمە لەدەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا هێشتا ماون.

سکرتێڕی حیزبی شیوعیی کوردستان:

لەگەڵ ئەوەدا نین بەو هەلومەرجەوە هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت

سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک بەردەوامە



سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان ڕایگەیاند، لەگەڵ ئەوەدا نین بەو هەلومەرجەوە هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، دەبێ ڕەوشی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکان. کاوە مەحمود، سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان، بەتایبەتی کەرکووک، پێویستی بە هەڵوێستێکی کوردستانیی یەکگرتوو هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین بەو هەلومەرجەوە و بەو شێوەیە هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت. کاوە مەحمود دەشڵێ: یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە کەرکووکەوە هەیە، ناکرێت بە زۆرینە و کەمینە لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت، دەبوایە ئەو یاسایە لە لایەن وەفدی کوردستانەوە تاوتوێ کرابایە، پاشان لایەنەکان کۆبوونەوەیان لەسەر کردبایە، بگەیشتبانە ڕێککەوتن، ئینجا لەناو پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر بدرابایە، ئێستا سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک بەردەوامە و، ئەگەر بارودۆخی کەرکووک هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە زەمینە بۆ هەڵبژاردن خۆش نییە، ئەوەش مانای وایە کە نایانەوێت ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، دەبێ ڕەوشی ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە دۆخی خۆی و، بیگەڕێننەوە بۆ ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ «خەبات»:

پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاماژە بەوە دەکات، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات.

فارس عیسا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند، سیاسەتی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کێشەکانی تایبەت بە ماددەی 140 و گرفتەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر و بابەتی نەوت و گاز چارەسەر بکرێن.

ڕوونیشی کردەوە کە دواکەوتنی گرفتەکان لە بەرژەوەندیی هەولێر و بەغدا نییە، ئێستاش دۆخەکە گۆڕاوە و پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە.

فارس عیسا گوتیشی: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم سەردانی دوای دەستبەکاربوونی بۆ بەغدا، پیشاندانی نیازپاکی هەرێم و ئامادەیی حکوومەتی هەرێم بوو، کە سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکرێن.



نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا ئاشکرای کرد، لێژنەیەکی هونەری دروست کراوە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان، تاوەکو بەتەواوەتی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت.

جەختیشی کردەوە کە بڕیارە «لەم دوو ڕۆژەدا» شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم پرسە گرنگانە سەردانی بەغدا بکەن. جێی باسە پێشتر لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدرال چەندان کۆبوونەوە ئەنجام دراوە کە لەم دواییانە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و شاندێکی عێراقیش هاتە هەولێر.

پێویستە چارەسەرێک بۆ ڕەوشی شنگال بدۆزرێتەوە و سندوقێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال دابمەزرێت

نێچیرڤان بارزانی: ئێزدییەکان کۆنترین پێکهاتەی سەر خاکی وڵاتەکەمانن

تا ئێستا دوو هەزار و 225 ژن و کچی ئێزدی ڕزگارکراون و هێشتا هەزار و 323 ژن و هەزار و 686 پیاویش چارەنووسیان نادیارە

هەرێمی کوردستان هەمیشە بە ماڵی هەموو ئایین و نەتەوەکان دەمێنێتەوە

نابێت هیچ حزبێک و گرووپێک ببێتە هۆی ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی خەڵکی شنگال

دوێنێ یەکشەمە 2019/8/4 بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییانی جیهان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و نوێنەرانی حکوومەتی عێراق و وڵاتانی دەرەوە، هەروەها بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسوکاری قوربانییانی ئێزدی، مەراسیمی یادی پێنج ساڵەی جینۆسایدکردنی شنگال و کوردانی ئێزدی بە دەستی تیرۆرستانی داعش، لە هۆڵی کۆنفرانسەکانی شاری دهۆک لەژێر ناونیشانی "جینۆسایدا شنگال بەرەڤ ئاڤەدانی و ژیانێ" بەڕێوەچوو.

لە میانی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، جێنین پلاسخارت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: پێویستە بۆ لەمەودا باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بکەین نەک رووداوەکە. ڕاشیگەیاند: ئێزدییەکان بە منیان گوتووە، لەلایەن عێراقەوە پشتگوێ خراون و دەشپرسن بۆچی تاکو ئێستا ئیدارەیەکی خۆجێی شنگال نییە؟ ئامارژی بەوەش دا، پێویستە حکوومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان هەوڵی خۆشگوزەرانیی و ئاوەدانکردنەوەی قەزای شنگال بدەن. هەر لە مەراسیمەکە، هەر یەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری دهۆک، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وتاری خۆیان پێشکەشکرد و ئاماری زیانەکان و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی ئێزدییەکانیان خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمەکەدا وتارێکی پێشکەش کردو ڕایگەیاند: ئەمڕۆ بە ڕێز و شکۆدارییەوە یادی قوربانییانی دڕندەترین کارەساتی سەدەی 21 دەکەینەوە. گوتیشی: ئێزدییان بە دڕێژایی مێژوو دەیان کارەساتیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوان بەهێز و بیروباوەڕی خۆیان بەرگریان کردووە و دەستبەرداری خاک و بیروباوەڕی خۆیان نەبوون، ئەمڕۆ یادی شکۆداری قوربانییانی قێزەونترین تاوان دەکەینەوە کە هیچ کەس لەبیری ئەوەدا نەبوو لە سەدەی بیست و یەکدا تاوانێکی لەو شێوەیە ڕووبدات، هەر بۆیە بە قوربانییەکان دەڵێین هەرگیز لە بیرمان ناچن. سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: ڕزگاربووانی ئێزدیا کۆچبەری دنیایێ بوون.

ئەڤە یەک ژ مەزنترین هێرشێت سەر کوردستانێ و فەرمانێت ئێزدیایە. ئێک ژ ڕەشترین بەرپەڕێت دیرۆکا کوردستانێ و مرۆڤاتیێ یە. لێ دیسا ژی هەمی کارەسات و فەرمانێت کو هاتیە سەرێ ئێزدیا د دیرۆکێدا، نەشیانە و چ جارا ژی نەشێن، ئێزدیا و کوردستانێ ژێک جدا بکەن. ئێزدی ئێک ژ کەفنترین پێکهاتێت وڵاتێ مەنە .زەحمەت و کەدا ئێزدییا د ئاڤاکرن و پاراستنا ڤی وڵاتیدا، قوربانی و فیداکاریا وان بۆ ڤێ ئاخێ، گەلەکا مەزنە د دیرۆکێدا.

ئەم گەلەک باش دەرد و ژان و تالیێت ئێزدیا دزانین. ئەم باش دزانین ژیانا پێنج ساڵا د کەمپێت ئاوارەییێدا چەندا زەحمەتە. ئەم دزانین و دبینین کانێ کۆچبەری و جدابوونا ژ مالباتێ چەندا ب ئێش و ژانە. ئەم باش پێ دحەسیێن و مە های ژ ڕۆندک و گری و نالینا دایکێت خۆ بێت ئێزدی هەیە. ئەم دزانین ب دلێ تژی حەسرەت و کول و کۆڤان، چاڤێ وان بێ ل ڤەگەڕا عەزیز و خۆشتڤی بێت خۆ. ئەم دزانین کو برینا ئێزدیا گەلەکا کویرە و ب ساناهی دەبار نابیت!

لێ گەلی خوشک و برا، ئەم گەلەک و گەلەک باش وێ ڕاستیێ ژی دزانین کو ئارمانج و مەرەما دوژمنا، بێ ئومێدکرن و دەرخێستنا ئێزدیا ژ ئاخ و وەلاتێ وان بێ باب و کالا و تێکدانا پێکڤەژیانا خەلکێ کوردستانێ یە! وا دڤێت ئێزدی لەسەر ئاخا خۆ نەمێنن! وان دڤێت ئێزدی دەربدەری دنیایێ بن، بێکەس و بێخودان بن، دەربدەر و کۆچبەری دنیایێ بن. کۆک و زمان و کولتوور و ئۆلا خۆ بهێلن و ژبیر بکەن!

لێ ئەم دێ هاریکار بین و دێ هەمی پشتەڤانیێ کەین داکو خەلکێ مەیێ ئێزدی ل وەلات بمێن، ل وەلاتێ خۆ و ل کوردستانێ، لبەر سیبەرا لالشا نووارانی و میرگەها شەرفەدین بمێنن. پشتڕاستی و باوەری بۆ وان ڤەگەڕیت. کۆکا ئێزدیاتیێ ل ڤی وەلاتی، لسەر ڤێ ئاخێ یە! ئێزدیاتی لێرە، ل لالشا نووارانی ل میرگەها شەرفەدین، ل شێخان و ل شەنگالێ دێ مینیت و دێ هێتە پاراستن. ئێزدیاتی، شەنگال، لالش و شەرفەدین، چ جارا ناهێنە ژێک جداکرن. ئێزدیاتی چ جارا ل وەلاتێت بیانی و ل کۆچبەریێ ناهێتە پاراستن.

گەلی خوشک و برایێت ئێزدی،

هەر ژ دەسپێکا کارەساتا شەنگالێ، مە کار و هەولدان بۆ هاریکاریا خەلکێ خۆ یێ ئێزدی دەست پێکر. ل دهۆکێ د ڕۆژێن ئێکێدا ئەم دگەل ڕەحمەتیێ میر تەحسین بەگ میرێ ئێزدیا ، جڤاتا ڕووحانی و کەساتییێ ئێزدی ڕوینشتین و مە گوهداریا گل و گازن و داخاز و پێویستی ێت وان کر. مە ئڤفیسەکا تایبەت بۆ ڕزگارکرنا دایک و خوشک و برایێت مەیێت ئێزدی ئاڤا کر.

هەتا ئەڤڕۆ 2225 ژن و کچ، 1284 زەلام و کوڕ هاتینە ڕزگارکرن. هێشتا ژی چارەنڤیسێ 1323 ژن و کچا و 1585 زەلام و کوڕا نەدیارە. لێرە، جارەکا دی ئەم هەمی خوشک و برایێت ئێزدی پشتڕاست دکەین کو چ پێوێستە دێ کەین، داکو ڕەڤاندی ێت مایی ژی بێنە ڕزگارکرن، یان ژی چارەنڤیسێ وان بێتە دیاریکرن. گەلەک سپاس بۆ کار و هەول و ماندیبوونا ئۆفیسا ڕزگارکرنا ڕڤاندیێ و بۆ خزمەتا وان کری و بەردەوام ژی دکەن.

خوشک و دایکێت مە ێت ئێزدی ێت کو ژ دەستێ داعشێ ڕزگار بووی، سیمبۆلا مەزلوومیەتێ و شەرەف و سەربلندییا مللەتێ مەنە .دڤێت ڕێز و پێزانین و جهێ وانێ تایبەت دناڤ جڤاکێدا هەبیت. هەم حکوومەتا هەرێما کوردستانێ و هەم حکوومەتا عێراقێ ژی، هەم ژی جڤاکا ناڤنەتەوەیی، دڤێت زێدەتر هاریکاریا وان بکەن داکو بشێن جارەکا دی دەست ب ژیانەکا نۆرمال بکەن لسەر خاکا پیرۆزا خۆ.

برپارا پەرلەمانێ کوردستانێ یا دوهی کو ڕۆژا 3ی تەباخێ وەک ڕۆژا جینۆسایدا ئێزدییان ناساند، برپارەکا گرنگە. ل عیراقێ و لەسەر ئاستا ناڤنەتەوەیی ژی تڤیا ئەڤ کارەساتە وەکی جینۆساید بێتە ناسین. بۆ ڤێ چەندێ مە بەرێ ل هەرێما کوردستانێ لێژنەیەکا حکوومی چێکر داکو لسەر ڤێ پرسێ و لەسەر بابەتێ گۆرێت بکۆم کار بکەت و هەمی هاریکاریا ێت پێویست پێشکێشی UN و ئالییێت ناڤنەتەوەیی بکەت. ئەم ب هەمی شیانێت خۆ دێ لەسەر ڤان هەولا بەردەوام بین. دڤێت دادپەروەری جهێ خۆ بگریت و ئێزدی بێنە قەرەبووکرن.

شەنگال و دەڤەرێت دی ێت ئێزدییا پێدڤی ئارامی و ئاڤەدانکرن و خزمەتێنە. هەر دڤێ دەمێدا ژی ئەو کارێ کو جهانبێ کەریم خان ل UN ئەنجام ددەت، ئەم بەرز دنرخینین و ئەم تەئکید دکەین کو حکوومەتا هەرێما کوردستانێ و سەرۆکایەتییا هەرێمێ دێ پشتەڤانییەکا تەمام کەت بۆ کارێت کو ئەو ئەنجام ددەت و هیڤیدارم ڕۆژەکێ ببینین دادپەروەری بهێتە جیبجیکرن. خەلکێ شەنگالێ و دەردۆرێت وێ، هێژایی ژیان و سەرەدەری و ڕەوشەکا باشترن. ئالۆزی و ململانێ و ناکۆکییێت حزبی و گرووپێت چەکدار، تڤیا نەبنە ئەگەرێ نائارامی و ئاڤەدانەبوونا شەنگالێ. ئەو، ئێدی ژ کامپا و خیڤەتا وەستیان و تڤیا بشێن بێ ئاستەنگ، بێ ئاریشە، ئارام و سەربەست جارەکای دی ڤەگەڕنە سەر جهە و واریت خۆ.

ئێزدی بگشتی و شەنگالی بتایبەتی، تڤیا باشتری هەمی خەلکێ دی، حیسابا بەرژەوەندیا خۆ و باژێرێ و دەڤەرێت خۆ بکەن و نەهێلن، دەلیڤێ نەدەن بەرژەوەندییێت حزبی و گرووپێت دی، ببنە ڕێگرێت تەناهی و ئاڤەدانکرنێ و خزمەتگوزاریا و ڤەگەڕیانا خەلکی بۆ سەر مال و حالێت خۆ. باوەریا مە ئەوە، بەردەوام ژی دێ کار کەین کو شەنگال ببیتە پارێزگەھ.

حکوومەتا هەرێما کوردستانێ و حکوومەتا فیدرالا عیراقێ تڤیا لسەر ڤێ مژارێ هەماهەنگ و هاریکار بن و چارەیەکێ بۆ ڕەوشا شەنگالێ ببینن. داخازێ دکەم کو سندۆقەکا ئاڤەدانکرنێ بۆ شەنگالێ و سنووری وێ دەڤەرێ بێتە ئافاکرن و UN و جڤاکا ناڤنەتەویی، عێراق و هەرێما کوردستان ژی ئامادەیە بەشداریێ تێدا بکەت. هەروەها حکوومەتا عێراقی ب تایبەتی د بوجەیا سالا بهێتدا دڤێت گرنگییەکا تایبەت ب ئاڤەدانکرنا شەنگالێ و دەوروبەرێ وێ بدەت.

دوێماهیێ، جارەکا دی، سلاڤ و دروود بۆ گیانێ جانگۆرێ ێت جینۆسایدکرنا ئێزدیا و پێشمەرگێت قەهرەمان و خۆبەخش و هەمی شەهیدێت کو بۆ ڕزگاربیا شەنگالێ و دەڤەرێت دی ێت کوردستانێ گیانێ خۆ کریە گۆری.

گەلەک سپاس بۆ خەلک و ئیدارا پارێزگەها دهۆکێ و جهنابێ پارێزگاری کو خەلکێ دەڤەرا دهۆکێ دەرێ مال و مزگەفت و قوتابخانێت خۆ بۆ ئاوارێت ئێزدی ڤەکرن و هاریکاریا وان کر و تابلۆیێ پێکڤەژیان و پێکڤەبوونێ و جارەکا دی بۆ جیهانێ نیشان دای، ئەز لێرە جارەکا دی سپاسیا هەمی خەلکێ دهۆکێ دکەم بۆ ڤێ چەندێ.

هەر ب ڤێ هەلکەفتنێ سپاسیا بەشداریا هەمی نوێنەرێت وەلاتێت بیانی دکەم دڤێ ڕێوڕەسمێدا، بتایبەتی سپاس بۆ بەشداریکرنا خانما جێنین پلاسخارت نوێنەرا سکرتێرێ گشتی یێ نەتەوەیێت ئێکگرتی ل عیراقێ د ڤێ ڕێوڕەسمێدا.

هەر وەکی قەولەکێ دی یێ ئێزدییا دبێژیت:

یا سواری ڕۆژهەلاتێ و ڕۆژئاڤایێ
تو بدەیە خاترا دۆتێ و دایێ
تو مە خلاس کەی ژ قەدایێ
ژ بەلایێ.. ژ غەلایێ
گەلەک سپاس.
ب خێر بێن.



کەسوکارێت جانگۆری و قوربانییێت ئێزدی،
مێهڤان و ئامادەبوویێت هێژا..
ڕۆژا وە باش، هوین هەمی ب خێر هاتن.

ئەڤڕۆ ب ڕێز و شکۆداری ئەم قوربانی ییێت ئێک ژ مەزنترین تاوانێت دژی مرۆڤاتییێ ب بیر تینین، کو هیچ کەسەکی باوەر نەدکر دێ د سەدسالا بیست و ئێکێدا تاوانەکا هندە دڕندە و نەمرۆڤایەتی ببینیت! ئەم خۆ لبەر گیانێ پاقژێ جانگۆرییێت کۆمکوژییا ئێزدیا دچەمینین، سلاڤ و درووداَ بۆ گیانێ وان تنێترین. ئەو چ جارا ژبیرا مە ناچن، هەتاهەتا دێ مینن بەشەک ژ بیردانکا نیشتمانییا هەڤبەش یا هەمی گەلێ کوردستانێ.

ب دریژیا دیرۆکێ، ئێزدییا گەلەک فەرمان و کارەسات و تالی و زەحمەتی دیتینە. مەردانە بەرەڤانی ل خۆ کریە و ب سەر و مالێ خۆ، دین و باوەریا خۆ یا ئۆلی و زمان و کولتوور و عورف و عادەتێت خۆ پاراستینە. گیانێ خۆ یێ دایە، لێ چ جارا ڕادەست نەبووینە و دین و باوەریا خۆ چ جارەکێ بەردنەدایە. دڤێ ڕێکێدا گەلەک قوربانی ییێت مەزن داینە. ئەم ب ڕێز و پێزانین ئەڤڕۆ لبەر ئیرادە و گیانێ بەرەڤانی و خۆپاراستنا ئێزدییا ڕادوەستین و بەژنا خۆ دچەمینین.

دگەل هەمی فەرمان و کارەساتێت ب سەرێ وان هاتی، دیسا ژی ئێزدی وەک نموونەکێ زندی یێ کولتوورا پێکڤەژیانێ دگەل پێکهاتێت دی ییێت کوردستانێ، ل ڤی وەلاتی، لەسەر ئاخا باب و کالێت خۆ ماینە و بۆ هەتاهەتا ژی سەربلند و سەرفراز دێ لسەر ڤێ ئاخێ مینن. دێ مینن و دێ لالشا نووارانی و میرگەها شەرفەدین پارێزن، کوردستان ژی هەر دێ مینیت وارێ پێکڤەژیانێ و مالا هەمی پێکهاتێت دینی و ییێت نەتەوەیی دڤی وەلاتی دا.

کوردستان و ئێزدی چ جارا ناهێنە ژێک جداکرن. ئێزدی د قەولەکێ خۆدا دبێژن:

ئەم ئێزدینە
سەرناڤێ سلتان ئێزینە
ب ئۆل و ئەرکانێت خۆ دڕازینە..
جابێ بدەنە کوردستانێ
بلا قایم کەن ئیمانێ
شەرفەدین میرە ل دیوانێ..

جینۆسایدا کو داعشێ ب سەرێ ئێزدیا ئینای، د دیرۆکێدا تشتەکێ کێم وێنەیە. ڕۆژێت ئێکێ ییێت هێرشێ، 1293 ژن و مێر و زارۆک جانگۆری بوون و هەمی د گۆرێت بکۆمدا هاتنە ڤەشارتن. هەتا نهۆ 80 گۆرێت بکۆم و ب دهان گۆرێت یەککەسی هاتنە دیتن. 2745 زارۆک ئێتیم و سێوی مان. 3548 ژن و کچ، 2869 زەلام و کوڕ هاتنە ڕەڤاندن. دۆرێ 360 هزار ئێزدییا ئاوارە بوون. 68 مەزار هاتنە پەقاندن. پتری 100 هزار

هۆشداری لەبارەی بەشداریکردنی هەزاران عەرەبی هاوردە لە هەڵبژاردنی کەرکووک دەدرێ

عەدنان کەرکووکی بۆ خەبات:

لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەزاران عەرەبی هاوردە دەتوانن لە کەرکووک دەنگ بدەن



بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هەزاران عەرەبی هاوردە دەتوانن لە کەرکووک دەنگ بدەن کە ئەوەش بە زیانی کورد دەشکێتەوە.

عەدنان کەرکووکی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: خێزانێکی زۆری عەرەب لە شارۆچکەی جرفولسەخەری سەر بە پارێزگای بابل هێنراون بۆ کەرکووک کە ئەوان زیاتر لە 4هەزار دەنگدەریان هەیە و فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە بۆ کەرکووک لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەتوانن دەنگ لە کەرکووک بدەن، جگە لەوانیش هەزاران عەرەبی هاوردەی دیکە بەهەمان شێوە دەتوانن لە کەرکووک دەنگ بدەن کە ئەوش بەزیانی کورد دەشکێتەوە. گوتیشی: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق زۆر بە زیانی کوردە و یەکێک لەوانە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان هەڵوەشاوەتەوە و ئێستا لە بەغداوە دەتوانرێ قایقام و بەڕێوەبەری شارەدێ دابنرێت ئەوکاتە ئەوان بە ئارەزووی خۆیان عەرەب دادەنێن و هەروەها ئێمە داوامان کردووە پێش ئەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام بدرێت دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە.



سەربازانی تورکیا منداڵە شوانێکی کوردی 14 ساڵان گوللەباران دەکەن

منداڵە شوانێکی کورد بە ناوی وید‌اد ئێکنجی کە تەمەنی 14 ساڵ بوو، لەلایەن سوپای تورکیاوە بە تۆمەتی ئەوەی لەبەردەمیاندا نەوەستاوە، گوللەباران کرا. بەپێی باسنیوز، منداڵەکە لە ناوچەی شەمدینانی سەر بە هەکاری خەریکی شوانیەتی خۆی بووە، چەند سەربازێکی تورکیا داویانەتە بەر دەسرێژی گوللە و کوشتوویانە، دواتریش بۆ داپۆشینی تاوانەکەیان، دەڵێن پێیان گوتووە ڕابوەستێ و ئەویش ڕاوەنەستاوە، بۆیە کوشتوویانە.

لەمبارەیەوە پارێزگاری شاری هەکاری ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و پشتگیری لە سەربازە تورکەکان دەکات و دەڵێ ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەستاون و پێیان گوتووە بوەستە و نەوەستاوە، بۆیە کوشتوویانە.

وید‌اد قوتابی دواناوەندی بووە، بە هۆی ئەوەی ژیانی خانەوادەکەیان خراپ بووە، بۆیە هاوینان بۆ بژێوی کاری شوانی کردووە، بەڵام بووە قوربانی گوللەی سەربازانی تورک. حاجی ئێکینجی ئامۆزای وید‌اد کە لە کاتی ڕووداوەکەدا ئەویشی لەگەڵ بووە و قسەی بۆ مالپەڕی BBCی تورکی کردووە و دەڵێ بە هۆی ئەوەی چەند ئاژەڵێکیان بۆ خواردن چوونەتە ئەوبەری سنوور، ناچاربوون بە دوای ئاژەڵەکەیاندا بڕۆن و سنوور ببەزێنن. دەشڵێ ئەو قسانەی کە دەڵێن سەربازەکانی تورکیا بە ئێمەیان گوتووە بوەستن، درۆیە، چونکە هەرگیز شتی وایان نەگوتووە. ئێمە پێشتر کاری قاچاخچیەتیمان کردووە، بەڵام دوای ئەوەی حکوومەت قەدەخەی کرد، ئێمەش دەستمان لەو کارە هەڵگرت. ئاماژەشی بەوە داوە "من و وید‌اد بەیەکەوە بووین و کەسێکی تریشمان لەگەڵدا بوو، ئاژەڵەکانی ئێمە چوونە سنووری سەربازەکان و ئێمەش بە دواياندا چووین، لەناکاو چەند سەربازێک هاتنە بەرامبەرمان و بەبێ ئەوەی بڵێن ڕاوەستن، گوللەیان پێوەنا‌ین". لە دریژەی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە ئەوان سێ سەربازیان بینیوە کە گوللەیان پێوە ناون، بەڵام بە کۆی گشتی 10 سەرباز لەوێ بوون، کاتێک وید‌ادیش لەوێ کۆژراوە، هاواریان بۆ سەربازەکان کردووە تا یارمەتیان بدەن، بەڵام کەسیان بەهانایانەوە نەچوون.

سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە داوا لە عێراق دەکات خەرجییەکانی لە کەرتی کارەبادا کەم بکاتەوە

سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە داوای لە حکوومەتی عێراق کرد، خەرجییەکانیکەرتی کارەبا کەم بکاتەوە و چاکسازی لە کەرتی بانکییدا ئەنجام بدات. بانکی ناوەندی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە داوای کردووە کە گرنگە حکوومەتی فیدراڵ باشبوونی ڕەوشی ئەمنی، هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، وەک دەفەرێتک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی چاکسازی لە سەرجەم کەرتەکاندا بقۆزێتەوە بە تایبەتیش لە کەرتی بانکیدا بۆ ئەوەی ئابووری عێراق سەقامگیر بێت. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کەوا خەرجییەکانی لە کەرتی کارەبادا کەم بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە حکوومەتی عێراق پارەیەکی زۆر لە کەرتی کارەبادا خەرجکردووە کە هاوواڵاتیان لێی سوودمەندبوون. جێی باسە لە 30ی نیسانی ڕابردوودا، حکوومەتی عێراق بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە کەرتی کارەبا گرێبەستێکی بە بەهای 14 ملیار یورۆ لەگەڵ کۆمپانیای Siemensی ئەڵمانی واژووکردبوو.

کۆمکووژیا کوردێن ئێزدی

بریارا پارلەمەنا کوردستانێ یا ژ بۆ دەستنیشانکرنا ڕۆژا کۆمکووژیا ئێزدیان یا ل 3ێ تەباخێ گەلەک د جیهێ خوە دا بوو. هەر وها د دەربارێ کۆمکووژیا ئێزدیان دە، خەبات و هەولێن تەڤگەراندن و لڤاندنا نەتەوەییێن یەکگرتی یا ژ ئالیێ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ڤە ژی گەلەک گرینگە. داخواز ژ نەتەوەییێن یەکگرتی تێ کرن کو کۆمکووژیا ئێزدیان بپەژرینە و پەسەند بکە.

کوردێن ئێزدی، د پێڤاژۆیا دیرۆکێ دە هەردەم ل بن ستەم و زەخت و زوڵا موسڵمانان دە مان، د ڤی دەربارێ دە چ ئیسلاما سوننی ئیسلاما شیعی چ جوداهیا وان نەبوویە. دڤێ ئەڤە ژی بێ دەستنیشانکرن کو کوردێن سوننی ژی هەردەم ل بن سیتەم و فشار و زەختێن دەوڵەتێن مسلمان دە مان. گەلەک ئەشکەرە و زەلالە کو ئەوێن سیتەم و زوڵێ و کۆمکووژیێ ل سەرێ کوردێن مسلمان و کوردێن ئێزدیان دە ئانینە، هەر موسلمان بوونە.

د دەربارێ کو کوردێن ڕاستی کۆمکووژیا ئەنفالێ دە هاتنە، پارلەمەنا ڕاقێ و هکوومەتا ڕاقێ و نەتەوەییێن یەکگرتی دەست ب خەبات و تەڤگەرەکی بکە دێ باش ببە.

ئەم ب هەزکرن و ئەڤینێ کوردێن ئێزدی پێن ل شنگالێ ڕاستی کۆمکووژیێ هاتنە و کوردێن موسلمانێن ڕاستی کۆمکووژیا ئەنفالێ هاتنە ب بیر تینین، هێڤیدارین ئەنجامێن ئەرێنی ژ خەبات و هەولدانێن سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ و پارلەمەنتۆیا کوردستانێ ببینین.

04تەباخ 2019

ئیسماعیل پێشکچی

ئیبراهیم گوربوز

کرماشان... گەنجێکی کورد لەسێدارە درا
لە مانگی ڕابردوودا 11 هاووڵاتیی کورد لە سێدارە دراون



حوکمی سێدارەی گەنجێکی کوردی خەڵکی شاری "سونقور"ی سەر بە کرماشان کە لە تەمەنی 17 ساڵیدا بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە ئەو حوکمەی بەسەردا سەپابوو، دوێنێ یەکشەمە لە گرتووخانەی ناوەندیی کرماشان جێبەجێ کرا. بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەمە 4ی 8ی 2019 حوکمی سێدارەی لاوێکی تەمەن 24 ساڵ و خەڵکی سونقور بە ناوی "حەمید ئەوسەتی "لە گرتووخانەی "دیزڵئاوا"ی کرماشان لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە جێبەجێ کراوە. حەمید ئەوسەتی لەدایکبووی ساڵی 1994 خەڵکی گوندی "سفید زەنگوور"ی سونقور و کولیایی بووە کە شەش ساڵ لەمەوبەر و لە تەمەنی 17 ساڵیدا و بەهۆی کوشتنی هاوڕێیەکییەوە دەستبەسەر و حوکمی سێدارەی بەسەردا سپا و ماوەی 6 ساڵ لە بەندیخانەی دیزڵئاوای کرماشان ڕاگیرابوو.

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە مانگی ڕابردووی زایینیدا هەر سێ ڕۆژ حوکمی سێدارەی بەسەر یەک کوردی هاووڵاتییەکی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران جێبەجێ کراوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە مانگی تەموزی ڕابردوو دا لانیکەم 11 هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران لە سێدارە دراون.

ڕێکخراوەکە دەشڵێت، بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، 10 هاووڵاتیی خەڵکی پارێزگای ئورمیە و هاووڵاتییەکی خەڵکی پارێزگای لوڕستان لە سێدارە دراون. ڕاشیدەگەیەنن، هەموو ئەو کەسانە بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست (قەتل) حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە و دوو کەسیان ئافرەت بوون بوون.



ڕێگە بە کەشتی ئالان کوردی درا بچێتە مالّتا

سەرۆکوەزیرانی مالّتا، جۆزێف موسکات ڕایگەیاند کە ڕێگەیان بە کەشتی "ئالان کوردی"ی سەربە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئالمانیا "Sea Eye"چاوی دەریا" داوە بچێتە مالّتاوە کە 40 کۆچبەری نایاسایی لە دەریای ناوەڕاست ڕزگارکردووە.

جۆزێف موسکات ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی کەشتی "ئالان کوردی" بڵاوکردەوە کە لە ناوەڕاستی هەفتەدا لە کەناراوەکانی لیبیا 40 کۆچبەری نایاسایی ڕزگارکرد و ڕێگە نەدرا بچێتە سنوورە ئاوییەکانی ئیتاڵیاوە. سەرۆکوەزیرانی مالّتا، جۆزێف موسکات لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە ڕایگەیاندووە "لەژێر ڕۆشنایی داواکاری ئەڵمانیادا مالّتا ڕێگە دەدات بە 40 کۆچبەرە نایاساییەکەی نێو کەشتی ئەڵمانیا 'ئالان کوردی 'بچنە بەندەرەکەیەوە. حکوومەتی ئەڵمانیا و کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، کاریان کردووە لەسەر دابەشکردنی تەواوی ئەو کەسانە بەسەر وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا. هیچ کۆچبەرێک لە مالّتا ناهێنێتەوە.

جێی باسە کەشتی "ئالان کوردی"ی سەربە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئالمانیا تەمووز لە دووری 30 میل لە کەناراوەکانی لیبیا 40 کۆچبەری نایاسایی ڕزگارکرد کە سیانیان منداڵ و دووانیان ئافرەت بوون و یەکێک لە ئافرەتەکان دوو گیان بوو .بە هۆی نەبوونی ئاسایشەوە ڕێکخراوەکە نەچوو بەرەو بەندەری تەراپلوس و بەرەو دوورگەی لامپیدوسای ئیتاڵیا ڕۆیشت.

پێشمەرگەیەکی بەشدار لە داستانی خواکورک چۆنێتی تۆمارکردنی داستانەکە دەگێڕێتەوە

سەرۆک بارزانی لە سەرەتای شەڕەکەدا بە پێشمەرگەکانی گوت، کە گومانم لە قارەمانێتی و ئازایەتیی ئێوە نییە

دوژمن دوای تێکشکانی بە سەرشۆڕی لە مەیدانی شەڕەکەدا هەڵات و چەندان لاشەیان لێ بەجێما







خەبات-ساسان دەرویش:

خواکورک، داستانی پڕ لە شکۆ و قارەمانێتی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی و بە گیانفیدایی و خوێنی ئاڵی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تۆمارکرا و لە مێژووی سەروەرییەکانی کوردیدا بەزیندویی دەمێنێتەوە، ئەوەندە هەڵدەگرێت چەندان ڕۆمانی لەسەر بنووسرێت و باشترین فیلمی سینەمایی لەبارەوە دروستبکرێت.

داستانی خواکورک لە 9ی تەمموزی ساڵی 1988 دەستپێدکرد و لە 5ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات، کە 46 ڕۆژی بەردەوامی خایاند، کە ڕێژەی بەعس لە دوای کۆتاییهاتنی لە شەڕی هەشت ساڵەیدا لەگەڵ ئێران بەنیاز بوو بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە لانەی هەڵۆیان لە چیاکان و چریکەیان کپبکات و سەنگەری بەرگریان پێ چۆڵبکات و دەنگ و ڕەنگی پێشمەرگە و ناوی کورد بسڕێتەوە و بڵێ هیچ پرس و کێشەیەک بەناوی کوردەوە بوونی نەماوە.

ئەم نەبەردییەی خواکورک، بەهیمەتی سەرۆک بارزانی کە ڕاستەوخۆ ئامادە و سەرپەرشتی داستانەکەی کرد و ئەمەش لە بەرەکانی جەنگدا بووە هۆی ئەوەی وزەیەکی زۆر ببەخشێتە پێشمەرگەکان، بۆ بەرگرییەکی کەم وێنەی مێژوویی کە ئەمڕۆی لەسەر بنیات نرا و دەستکەوتەکانی بۆ داهاتووش هەر دەمێننەوە، چونکە حکوومەتی ئەوکاتی بەعس دەیویست کورد بسڕێتەوە، بەڵام داستانی خواکورک خەونی ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنا.

بۆ یادەوەری و باسکردن لە داستانی خواکورک و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکەی گەشی داستانەکە، ئەمجارە دەچینە لای پێشمەرگەیەکی دیکەی قارەمانیی بەشدار لە داستانی خواکورک و لەسەر زاری ئەو پێشمەرگەیەوە، هەمدیس گەورەیی و گرنگی داستانەکە دەگێڕینەوە. خالید کوڕی شەهید ئەحمەد، پێشمەرگەی دێرین، کە ئەوکاتە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی چوارتای سەر بە لقی4ی پارتی بوو، ئێستا بە پلەی عەمید، بەرپرسی هۆبەی حەرەکاتە لە ئاسایشی سلێمانی، ئەو پێشمەرگە دێرینە بەمجۆرە تیشکی خستە سەر داستانی خواکورک:

خالید کوڕی شەهید ئەحمەد، پێشمەرگەی دێرین لەبارەی داستانەکەوە بۆ خەبات، گوتی: فەرمانی بەشداریکردنمان لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە بۆ هات و ئێتر ئێمەش وەک پێشمەرگەکانی سەر بە لیژنەی ناوچەکانی لقی4ی پارتیمان لە ڕۆژی 13/08/1988 بەرەو سێگۆشەی سنووری هەر سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا بەڕێکەوتین، بەر لەوەی بچینە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، بە دیداری سەرۆک بارزانی شادبووین کە خۆی لەوێ سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگی دەکرد. سەرۆک بارزانی لەو ڕۆژەدا ڕێنمایی زۆری کردین و من ئێستاش وتەکانی ئەو ڕۆژەم لەبیر ماوە، کە فەرمووی: من گومانم لە قارەمانیەتی و ئازایەتی ئێوە نییە و لە ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و قەرەداخ و شارباژێر سەلماندوتانە کە ڕۆڵەی گیانبازی ئەم میللەتەن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن ئێوە شارەزای جوگرافیای ئەم ناوچەیە نین و تا شارەزای دەبن، دەبێت زۆر وریا بن.

ئەو پێشمەرگە بەشداربووەی داستانی خواکورک، سەبارەت بە کاریگەری ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لەسەر وەی پێشکەرگە، گوتی: ئەو دیدارەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی، ئەوەندەی تر وەی پێشمەرگەکانی بەرز کردەوە و بە حەماسەتێکی گەورەوە ڕووماڵ کردە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ و بۆ ڕۆژی دواتریش هێزەکەی ئێمە جەبهەی شەڕەکەی وەرگرت، ئەو هێزەی منی لەگەڵ بووم 27 پێشمەرگە بووین، کەوتینە پشتی گوندەکانی غەزنە و شێخان، هەر پاش چەند کاتژمێک دوژمن هێرشێکی زۆر گەورە و بەرفراوانی بۆ کردین، بەڵام هێزەکەی ئێمە بە جۆرێک بەرپەرچی ئەو هێرشەمان دایەوە کە دوژمن زۆر خراپ تێکشکا و دەیان لاشەی کوژراویان لەو مەیدانە لێ بەجێما، کە شەویش داهات دیسان لەشکری بەعس بە تۆپبارانی خەست ناوچەکانی ئێمەی کوتا، ئێمەش دەمانزانی دوای تۆپباران هێرشی دوژمن دەستپێدەکات، بۆیە هەموومان لە سەنگەرەکانمان خۆمان ئامادە کردبوو بۆ هێرشەکەی ئەوان، هێرش دەستپێکرد، لەو شەڕەشدا دیسان دوژمن تێکشکا و بە سەرشۆڕی لە مەیدانی شەڕەکە هەڵات، بەڵام زۆر جێی داخ بوو بۆ ئێمە کە هەڤاڵێکی قارەمانمان بە ناوی شێخ بابە ڕەسوڵ لەو شەڕەدا شەهیدبوو، لە تۆڵەی شەهید بابە ڕەسوڵ ڕۆژی دواتر 22/08/1988 هێزەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی لقی4ی پارتیمان هێرشێکی بەهور ئاسامان و توانیمان لەو هێرشەدا لیوای 602ی پیادەی عێراق بە تەواوی لەناوبەرین و سەدان لاشەی کوژراویان لێ بخەین، بێجگە لە 22 دیلی دوژمن لە ئەفسەر و سەرباز کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

بۆ خەبات گوتیشی: پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم لەبەر سەختی شەڕەکان و نزیکی زۆری ئێمە لە سەنگەرەکانی دوژمن، زۆر بەسەختی خواردن و فیشەکمان پێدەگەیشت، بەڵام ئەوە وەی پۆڵایینی پێشمەرگە بوو کە گەورەترین چەکی ئێمە بوو، نەمانهێشت دوژمن بستێک بێتە پێش و لە هەموو شەڕ و هێرشەکانیان بە سەختی تێک دەشکاند، دیلەکانی دوژمنیش کە کەوتنە دەستمان، شایەتی ئەوەیان دەدا و گوتیان ئێمە پێمان وابوو لەگەڵ پۆڵا و ئاسن ڕووبەڕوو بووینەتەوە نەک لەگەڵ خوێن و گۆشت، هەروەها دەیانگوت بەڕاستی ئێستا تێدەگەین وشەی پێشمەرگە مانای چییە!

هەر سەبارەت بە داستانەکە، ئەو پێشمەرگەیە دەڵێت: جەنگی عێراق و ئێران ڕاوەستابوو، دوژمن هێزێکی بێشوماری هێنابووە مەیدانی شەڕەکە و هەموو تەرکیزی خۆی سەبارەت بە دواڕۆژەکانی شەڕەکە، زیاتر گوتی: لە دوا ڕۆژەکانی شەڕەکە دوژمن جارێکیتر و لە ڕۆژی 05/09/1988 بە هێزێکی زۆر گەورەوە هێرشێکی تری کرد کە چەندینجار لە هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر بوو، بەڵام ئەمجارەشیان خراپتر لە جارەکانی تر تێکشکان و سەدان لاشەی سەربازەکانیان لە مەیدانەکە بەجێمان، کە لەناویاندا هێزەکانی قوات خاسە و مغاویر دەبینران و چەندین پلەدار و ئەفسەریشیان تێدابوو، دوژمن ئەمجارەیان بەرەو سیدەکان هەڵات، ئەم نەبەردییەش بە خوێنی 3 پێشمەرگەی ئازا و گیانفیدای لقی 4تۆمارکرا کە ئەوانیش: شەهید عارف حارس و شەهید فەرەیدون عەبدوڵڵا کە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی چوارتا بوون، هەروەها شەهید حەمە خان هەورامی کە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی شارەزوور بوو.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشی گوڵان گەورەترین شانازی بوو کە بەشدارییم لەو داستانەدا کرد، سوپاسی تۆی کوڕە شەهیدیش دەکەم کە هەمیشە بەدوای هەنگاوەکانی باوکی شەهید و ڕێبازەکەتی بۆ خزمەتکردن.

ڕوونکردنەوەیەک

لە پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکیی‌ەوە

پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکی ڕوونکردنەوە و پەیامێکیان بڵاوکردەوە، دوێنێ ئەو ڕوونکردنەوەیە گەیشتە خەبات، ئەمەش دەقەکەیەتی:

لەم چەند ڕۆژەدا، چەند قسە و لێدوانێک لە لایەن چەند کەسێکەوە، بە فیتی کەسێکی هەرکی، بە ناوی عەشیرەتی گەورەی هەرکی بڵاوبۆتەوە، دیارە هەر کەسێک لە عەشیرەتەکەمان ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام جێگەی قبوڵ نییە کەسێک بۆ مەرامی تایبەتی خۆی عەشیرەتی هەرکی بەکاربێنێ و ببێتە هۆی لێکترازانی ئەو عەشیرەتە، ئاشکرایە ئەو قسە و قسەلۆکەی دەکرێ ئەجندایەکی لە پشتە، بە مەبەستی دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو عەشیرەت، چونکە ئەوانەی پەنایان بۆ ئەوە بردووە کە هەوڵ بدەن، بە هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە درز بخەنە ناو عەشیرەت و لەوێوە هەوڵی پەیداکردنی پێگەیەک بۆ ئەجندەکەیان لە ناو عەشیرەت بدەن، ئەوا بە هەڵەدا چوون، هەروەک گوتمان هەرکەسێک ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، لە مێژووی کوردستاندا عەشیرەتی هەرکی هەمیشە پێشمەرگە و پشتیوانی مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

هەرکییەکان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بەشداری کۆماری کوردستانیان لە مەهاباد کردووە، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیشدا بەشداریەکی کاریان کردووە، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە عەشیرەتی هەرکی لەسەر ڕێبازی بارزانی بەردەوام بوون، نەوەی دوای ڕاپەڕینمان زۆر بە گوڕ و تینێکی نوێوە، لە گۆڕەپانەکەدان و لە هەموو خولێکی پەرلەمانی کوردستان و عێراقیشدا ئەندامی پەرلەمانمان لەلیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە و هەیە، دەتوانین بڵێین نەوەی دوای ڕاپەڕینی عەشیرەتی هەرکی زۆر بەرفراوانتر و بەتواناتریش لە قۆناغەکانی پێشوو لە گۆڕەپانەکەدایە، لە پێناوی خاکی کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیدا تێدەکۆشن و خوێنیان بەخشیوە.

ئەو کەسەی دەیەوێ لە ڕێی چەند کەسێکەوە، هەست و سۆزی لاوەکانمان لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا بجوڵێنێ، دەبێ بزانێ ئەو کارە پێچەوانەی واقیعی عەشیرەتی هەرکییە، چونکە ئەوەی ئەو کەسە هەوڵی بۆ دەدات، بە دەست لە پشتدانی ئەجندای دەرەکی و ئەوانەیە کە دەیانەوێ سود لە دروستبوونی درزێک لە ناو عەشیرەتی هەرکیدا ببینن، ئەگەر هەر گلەییەکیشمان هەبێ ئەوە ناگەیەنێت کە کەموکوڕی و گلەیی و بێکاری، لە لایەن ئەو کەسە و لایەنی دی بەکارهێنەرێت، ئێمە دڵنیاین ئەو قسە و قسەلۆکانە لە قازانجی عەشیرەتی هەرکی و هەرێمی کوردستاندا نییە، قازانجی ئەو قسە و قسەلۆکانەش تەنیا دەچێتە گیرفانی دوژمنانی کوردستان و ئەوانەی بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە.

هێشتا خوێنی ئەو هەموو شەهیدانەمان لە شەری دژی داعش وشک نەبۆتەوە، کەچی ئەو کەسە دەیەوێ خوێنی شەهیدانمان لەبیربکات و عەشیرەتی گەورەی هەرکی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاربێنێ و دڵی خاوەن ئەجندەکانیش بەوە خۆش بکات کە عەشیرەتی هەرکیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، ئێمە کە ژمارەیەکی زۆری شەهیدمان لە پێناوی کوردستان و بەرژەوەندی بالای هەرێمی کوردستاندا بەخشیوە، قبوڵ ناکەین پێگەی عەشیرەتی هەرکی لە کوردستان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربێنێت، چونکە بەرژەوەندی عەشیرەتی هەرکی لە پاراستنی بەرژەوەندی بالای هەرێمی کوردستاندا دەبینین.

ڕۆڵەکانی عەشیرەتی هەرکی هەمیشە خۆیان بە پێشمەرگەی سەرۆک بارزانی دەزانن، ئامادەن خوێنی زیاتر لە پێناوی کوردستاندا بڕێژن، هەر گلەییەکیشمان هەبێت، ڕوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆیە بوار نادەین هیچ کەسێک بۆ بەرژەوەندی خۆی، خۆی بکاتە خاوەنی گلەییەکانمان، لێرەشەوە داوا لە ڕۆڵەکانمان دەکەین، کە گوێ لە قسە و قسەلۆک نەگرن، ئیمە کە خوێنمان بۆ پاراستنی کوردستان ڕشتووە، کەی ڕەوای هەقە کەسانێک بێن، بۆ بەرژەوەندی خۆیان گەمە بە هەست و سۆزی ڕۆڵەکانمان بکەن.

پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکی
2019/8/ 4



دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی بیانی لە کەنداو لە لایەن ئێران

هێزی دەریاوانیی ئێران رایگەیاند لە کەنداو دەستی بەسەر کەشتییەکی بیانییدا گرتووە کە بە قاچاغ سوتەمەنی دەگواستەوە. دوێنێ یەکشەممە هێزی دەریاوانیی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە دوای ئەوەی کەشتییەکە لە نزیک دووڕگەی فارسی دەستی بەسەرداگیرا، گواستراوەتەوە بۆ بەندەری بوشەهر. لای خۆیەوە فەرماندەی ناوچەی دوو لە هێزی دەریاوانیی ئێران، عەمید ڕەمەزان زیراهی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند کەشتییەکە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە کەنداو دەستی بەسەرداگیراوە و تیمی نێو کەشتەکەش لە حەوت کەس پێکهاتووە. عەمید ڕەمەزان زیراهی گوتیشی: کەشتییەکە لەبەر ئەوە دەستی بەسەرداگیراوە چونکە بەقاچاغ نەوتی دەگواستەوە بۆ یەکێک لە وڵاتانی کەنداو. فەرماندەی ناوچەی دوو لە هێزی دەریاوانیی ئێران، عەمید ڕەمەزان زیراهی جەختیکردەوە کە هێزەکانیان بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ئێران لە کەنداو و بە هیچ شێوەیەک لێی پاشگەز نابنەوە. لە لایەکی دیکەوە کەنالی "پرێس تیڤی" ئێران بڵاویکردەوە، هێزی دەریاوانیی ئێران دەستی بەسەر کەشتییەکی بیانییدا گرتووە کە بە قاچاغ سووتەمەنی دەگواستەوە بۆ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی.

ئەمەریکا.. لە هێرشێکی دیکەی چەکداریدا نۆ کەس کوژران و 16 کەسیش بریندارببوون



لە هێرشێکی چەکداریدا لە نزیک بارێک لە شاری دایتۆن سەربە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا، نۆ کەس کوژران. بەپێی ڕوونکردنەوەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی دایتۆن کە لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەتەوە، کاتژمێر دەو یەک خولەکی شەو بەکاتی ناوخۆیی لە ناوچەی ئۆریگۆن، هێرشێکی چەکداری لەبەردەم بارێکدا ئەنجامدراوە. پۆلیسەکانی نزیک شوێنی ڕووداوەکە لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتوونەتە شوێنەکە و ئەنجامدەری هێرشەکەیان لە چالاکی خستووە. لەو هێرشەدا جگە لە ئەنجامدەری هێرشەکە نۆ کەسی دیکە کوژراون و 16 کەسیش بریندارببوون.

ڕۆژنامەنووس دیریک میێرس ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجامدەری هێرشەکە پیاوێکی سپی پێست بووە و بەچەکی قورس هێرشەکەی ئەنجامداوە. جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردووش لە ئاکامی هێرشکردنە سەر سەنتەری بازرگانی شاری ئەلپاسۆ 20 کەس کوژرابوون و 26ی دیکەیش بریندارببوون.

ناتانیاهو داوا لە جۆنسن دەکات هەڵوێستی توند بەرامبەر ئێران بنوێنێت

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو داوای لە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن کرد "هەڵوێستی توند بەرامبەر ئێران بنوێنێت". نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی نوێی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن داوای لێکردووە "هەڵوێستی توند بەرامبەر ئێران بنوێنێت".


لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ناتانیاهو و جۆنسن گەیشتوون بە ڕێککەوتن بۆ پێشخستنی هەماهەنگییەکانی ئیسرائیل و بەریتانیا لە بواری ئابووری و داهێنانداو.



بارزان... نوێکردنەوەی سۆز و وەفاداری لەسەر گلکۆی نەمران بەردەوامە

خەبات ـ مسلم دۆلەمەری:
سەردانیکردنی مەزاری نەمران لە بارزان بەمەبەستی نوێکردنەوەی سۆز و وەفاداری بۆ ڕێبازی پر لە سەروەری بارزانی نەمر بەردەوامە و لە دڕێژەی ئەم سەردانانەدا ئەکادیمیای وەرزشی ئەرگۆش سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد، دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن خەلات سۆز و وەفاداری خۆیان دووپاتکردەوە بۆ دڕێژەدان و بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی باوک تا گەیشتن بەدوا خاڵەکانی سەرکەوتنی گەل و نیشتیمانمان لەژێر سێبەری ئەم ڕێبازە پیرۆزەدا. هەروەها هەر لە دڕێژەی سەردانەکاندا ڕۆژانە بە دەیان کوردستانی و میوانانی دەرەوەش بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی بارزانی نەمر و نوێکردنەوەی سۆز و وەفاداری خۆیان سەردانی گلکۆی نەمران لە بارزان دەکەن.

بەمنزیکانە بەڕێوەبەراتییەکانی پاسەپۆرتی زاخۆ و سۆران دەکرێنەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەڕێوەبەرایەتیی پاسەپۆرتی هەولێر، سەبارەت بە کردنەوەی هەردوو نووسینگەی پاسەپۆرتی زاخۆ و سۆران ڕایگەیاند: شاندێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پاسەپۆرتی زاخۆ و سۆران سەردانی بەغدایان کردووە. شاندەکە پێکهاتوون لە عەمید دیدار عومەر قادر، بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی پارێزگای هەولێر و عەمید دڵدار نووری عەباس، بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی پارێزگای دهۆک و شاندەکە سەردانی بەغدایان کردووە و لەگەڵ لیوا هەیسەم غەرباوی بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامەی عێراق کۆبوونەتەوە.
بەپێی هەمان ڕاگەیەندراو مەبەستی سەردانەکەیان بریتییە لە کردنەوەی هەر یەک لە نووسینگەی پاسەپۆرتی سۆران لە پارێزگای هەولێر و نووسینگەی پاسەپۆرتی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک.
بڕیار وایە لە داهاتوودا بەمەبەستی چۆنیەتیی دانانی ئامێرەکان و پێداویستییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پاسەپۆرتی سۆران و زاخۆ لە ماوەیەکی نزیکدا، شاندێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕەگەزنامەی عێراقەوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و هەردوو نووسینگەی سۆران و زاخۆش دەکرێنەوە.
لە بەشێکی دیکەی ئاگادارییەکەدا، بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر ئاگاداری هاوواڵتیانی دەڤەری سۆران و دەوروبەری دەکاتەوە ئەو هاوواڵتییانەی زۆر کاری بەپەلەیان نییە بە پاسەپۆرت، سەردانیان نەکەن لە بەرئەوەی لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا و لە پاش جەژنی قوربان نووسینگەی پاسەپۆرتی سۆران دەکرێتەوە.
بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر دەشڵێت هاوواڵتیانی ئەو ناوچانەی کە ئێستا هاووڵاتییانی لێ دەڤەرە دەتوانن بە ئاسانی ببنە خاوەن پاسەپۆرت.

حوسێن سێلکی پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی:
دوای ململانێکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی فیداکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر، (حوسێن محەمەد سێلکی) ناسراوە بە (حوسێن سێلکی) لە دەرەوەی کوردستان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تورکیا کۆچی دوایی کرد، دوای گەڕانەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو بۆ کوردستان لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و هاوسەنگەر و کەسوکاری لە گۆڕستانی گوندی سێلکی سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.
خوالێجخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز، حوسێن محەمەد سێلکی ساڵی 1932 کاتێک بنەماڵەکەی ئاوارەی تورکیا دەبن لە ڕێگا لە دایک دەبێت، ساڵی 1934 ڕژێمی داگیرکەری عێراق بنەماڵەکەیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدی فەرمانڕەوا ئەسعەد خۆشەوی سێلکی دوور دەخاتەوە بۆ باشووری عێراق و دوای شەهیدبوونی فەرمانڕەوا خەلیل خۆشەوی سێلکی وکەسوکاری لە گوندی پیرەکەپرا نیشتەجێ دەبن، تاکو گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی لە سلێمانی لە ساڵی 1943 بۆ کوردستان و دەڤەری بارزان و دوای دەستبەسەرداگرتنی پۆلیسخانەی پیرەکەپرا بنەماڵەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ گوندی خۆیان سێلکی سەربەدەڤەری بارزان، خوالێخۆشبوو ساڵی 1945 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن و هەردوو برای قارەمانی شەهید مستەفا سێلکی و شەکر سێلکی بەشداری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەن، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین حوسێن سێلکی لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرابەرایەتی باوکی کورد، بارزانیی نەمر لە ساڵی 1961چەکی شەرەفی لە شان کرد،
بەشداری چەندەها داستانی کردووە و لەگەڵ شەهیدی فەرمانەر عیسا سوار سێلکی کە فەرماندەی هێزی زاخۆ بووە لە ژێر ئیدارەی شەهیدی فەرمانەر ئەسعەد خۆشەوی سێلکی خزمەتی بە دەڤەری بادینان کردووە، بۆ شەهید شەکر سێلکی کە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بووە بۆ سۆڤیەتی جاران و بۆ شەهید مستەفا سێلکی کەسێکی لیهاتوو و قارەمان لە بەرگری داستانی چیای مەتینا1963 شەهید بووە، خوالێخۆشبوو لەگەڵ کەسوکاری دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت و بەهەمان ڕۆحیەتەوە بەشدار شۆڕشی گوڵانی کردووە و لەگەڵ فەرماندە هەندێک پڕۆژەیاسا ڕەهەندی داراییان هەیە و پێویستییان بەوە هەیە حکوومەت تێبینییان لەبارەوە بدات، ئەوانە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکرێت.
بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، ئەو پڕۆژەیاسایانەی ڕەوانەی حکوومەت دەکرێن، بریتین لە: پڕۆژەیاسای ڕێکخستنەوەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەیاسای چەسپاندنی شایستە دارایییەکانی مووچەخۆران و گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە، پڕۆژەیاسای وەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان، پڕۆژەیاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خوێندکاران، لەگەڵ چەند پڕۆژەیاسایەکی دیکە.
دووپاتیشی کردەوە کە سەرجەم ئەو پڕۆژەیاسایانە لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێن، تاوەکو ڕا و پێشنیازی حکوومەتی لەبارەوە بدرێت.

پەرلەمان پڕۆژەیاسای دانەوەی پاشەکەوتی مووچە ئاراستەی حکوومەت دەکات



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە پڕۆژەیاسای دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە.
ڕۆبینە ئۆملیک، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە، دوێنێ یەکشەمە 4ی 8ی 2019 کۆبوونەوەی لیژنەکەیان بۆ تاوتوێکردنی چەند پڕۆژەیاسایەک کە ئاراستەیان کرابوو، ئەنجام درا. ڕوونیشی کردەوە،28 پڕۆژەیاسایان ئاراستە کراوە کە بڕیار دراوە 14 لەو پڕۆژەیاسایانە، لەدوای دەست پێکردنەوەی وەرزی یاسادانانی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت.
ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کوردستان، پڕۆژەیاسای چەسپاندنی شایستە دارایییەکانی مووچەخۆران و گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە، پڕۆژەیاسای وەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان، پڕۆژەیاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خوێندکاران، لەگەڵ چەند پڕۆژەیاسایەکی دیکە.
دووپاتیشی کردەوە کە سەرجەم ئەو پڕۆژەیاسایانە لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێن، تاوەکو ڕا و پێشنیازی حکوومەتی لەبارەوە بدرێت.

کارتی زانیاری زیرەک بەسەر حاجییان دابەش دەکرێت



خەبات ـ حەمە ئەحمەد جاف: تیمی ڕاگەیاندنی حەجی کوردستان ڕایگەیاند: ئەمساڵ بۆ یەکەمجار وڵاتی عەرەبستانی سعودی کارتی زانیاری زیرەکی بۆ حاجیان دروستکردووە، ئەم کارتە هەموو زانیارییەکی حاجی لەسەر نووسراوە هەر لە وڵات و شوێنی مانەوەی لە مەککە و مەدینەی پیرۆز و شوێنی مانەوەی لەکێوی عەرەفە و مینا و موزدەلیفە و چەندین زانیاری وردی دیکە لەسەر پرۆسەی حەج بەگشتی، کە سەرجەمیان ئاسانکارین بۆ حاجیان. هەر دوێنێ نوێنەرانی وەزارەتی حەجی سعودیە، کارتی زیرەکی حاجیانی گەیاندە دەست بەرپرسانی کارگێڕی و نوێنەرانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی بۆ ئەوەی بەسەر حاجییانی کوردستان دابەش بکرێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆش ئەحمەد پرنۆ
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی ڕۆژانی سەخت و پێشمەرگایەتی، هەڤاڵ (ئەحمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (ئەحمەد پرنۆ)م پێگەیشت. ئەم هەواڵە لە ناخەوە نیگەرانی کردم، هەڤاڵ ئەحمەد پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان بوو، خاوەن مەدالیایی بارزانی بوو بەداخەوە بۆ کۆچی دوایی. سەرەخۆشی لە خۆمان و لە بنەماڵەی سەربەرزی خوالێخۆشبوو تەواوی هەڤاڵان و خزمان دەکەم و لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئەمە دواین ناخۆشی بنەماڵە سەربەرزەکەیان بێت.
إنا لله و إنا إليه راجعون
کاکەمین نەجار

عەقید سەران:
ژمارەیەکی زۆر پاسەوانمان لە بەڕێوەبردن وەرگرتۆتەوە



بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هەر بەربردنی جەژنێکی ئارام بۆ هاوواڵتیان و گەشتیاران، لیژنەیەکی ئەمنییان دروست کردووە و داواش لە هاووڵاتییان دەکات، کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریان بن. لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە، وەک سالانی پێشوو بەرنامەیەکی تایبەت و تۆکمەیان داڕشتووە وەک ئامادەکاری بۆ ڕۆژانی جەژنی قوربانی پیرۆز، کە سەرجەم هێزە ئەمنییەکان تێیدا بەشدار دەبن و لە ئامادەباشیدا دەبن لە پێناو پاراستنی سەرومالی وادەی پێدانی پاسەوان پێیان، کۆتایی هاتبوو و سەرجەمیشیان خراونەتەوە سەر میلاکی پۆلیسی هەولێر.
بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر دەشڵێت: هەر بەرپرسێک ڕێنمایی پێدانی پاسەوان نەیگرێتەوە، پاسەوانەکانی لێ وەردەگیرێتەوە و بەسەر ئەو فەرمانگانەدا دابەش دەکرێن کە پێویستیان بە پاسەوانە.
عەقید سەران داواشی کرد، سەرجەم بەرپرسان پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بن و ئەوانەی کە پێویستیان بە پاسەوان نییە یاخود پاسەوانی زیادیان هەیە، بیانگەڕێننەوە بۆ سەر میلاکی پۆلیسی هەولێر، تا ئەو دەزگا و دامەزراوە حکوومیانەی گرفتی کەمیی میلاکیان هەیە، پاسەوانیان بۆ دابین بکرێت.

پۆلیسی هەولێر بەرنامەی ڕۆژانی جەژنی قوربان دەخاتەڕوو

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، ڕایدەگەیەنێت لە پێناو بەسەربردنی جەژنێکی ئارام بۆ هاووڵاتییان و گەشتیاران، لیژنەیەکی ئەمنییان دروست کردووە و داواش لە هاووڵاتییان دەکات، کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریان بن. لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە، وەک سالانی پێشوو بەرنامەیەکی تایبەت و تۆکمەیان داڕشتووە وەک ئامادەکاری بۆ ڕۆژانی جەژنی قوربانی پیرۆز، کە سەرجەم هێزە ئەمنییەکان تێیدا بەشدار دەبن و لە ئامادەباشیدا دەبن لە پێناو پاراستنی سەرومالی هاووڵاتییان و گەشتیاران، کە هەرێمی کوردستان، سەردانی هەولێر بکەن، بۆ ئەوەش ئامادەکاریان کردووە و لیژنەیەکیان بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی پارێزگاری هەولێر پێکهێناوە، ڕوونیشی کردەوە، لیژنەکە لە ئاسایش و پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و تەندروستی و گەشتوگوزار پێک هاتوون، ئەوەش بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران و هاووڵاتییان، کە بتوانن جەژنێکی ئارام و ئاسوودە و بێ کێشە بەسەر ببەن. لیوا عەبدولخالق داواشی لە سەرجەم هاووڵاتییان کرد، کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریان بن، لە پێناو ئارامی و سەقامگیریی ئەو جەژنەوە پشوو ڕۆژەی بە بۆنەی جەژنەوە پشوو دەبێت و هاووڵاتییان و گەشتیاران بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی شارەکە و سەیرانگاکان دەکەن.

دەستەی گەشتوگوزار: هەموو ئامادەکارییەک بۆ هاتنی گەشتیاران کراوە

لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنی قوربان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک وەزارەتی کابینەی حکوومەت ڕادەسپێرێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی گیان و سەلامەتیی گەشتیاران و هاووڵاتییان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان. نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، گوتی: بە هۆی نالەباریی کەشوهەوای شارەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە و هەروەها سەقامگیریی باشووری کوردستان، پێشبینی دەکەین بۆ جەژنی قوربان ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە خوارروو و ناوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتانی تریەوە ڕوو لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێم بکەن، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا وەزارەتەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار و ناوخۆ و تەندروستی و دەستەی گەشتوگوزار و دەستەی ژینگە ڕاسپێردران بۆ ئامادەکردنی ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوە بە مەبەستی پاراستنی گیانی گەشتیاران و هاووڵاتییان. گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم گوتیشی: پلانێکی باش و تۆکمەمان داناوە و هەموو ئامادەکارییە بۆ هاتنی گەشتیاران کراوە.



تەنیا گەنجی کورد وەردەگرن

کۆمپانیایەک هەلی کار بۆ گەنجان دەدۆزێتەوە و لەبێکاری ڕزگاریان دەکات

گەنجێک: ماوەی زیاتر لەیەک ساڵە بە بێکاری لەو شارە دەخولێمەوە

ڕاپۆرت: سەید فاتیح بەرزنجی

بەر لە قەیرانی دارایی لەشارەکانی کوردستان ئیش و کار بۆ گەنجان تا ڕادەیەک هەبوو، بەڵام دوای شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، سستی کەوتە ناو کار و پڕۆژەکان و لەلایەن دامودەزگاکانی حکوومیەکانیش دامەزراندن نییە و گەنجێکی زۆری شارەکان بەبێ ئیش و کار دەخولانەوە. ماوەیەکە (کۆمپانیای بەرزە) وەک کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت زیاتر لە هەزار گەنجی بێکاری دامەزراندووە، دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی گەنجانی بێکار سەردانی (کۆمپانیای بەرزە)مانکرد و لەوێدا ژمارەیەک لە گەنجانمان دواند.

تەنها گەنجانی کوردستان وەردەگرین

دەربارەی ئیش و کارەکانیان "ڕاپەڕ نەسرەت سابیر خۆشناو" بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا ڕوونیکردەوە: ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 2003وە دەستی بەکارکردن کردووە لەبواری دابینکردنی سکیورتی پاسەوانیی و ئەمنی، ئەوکات لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا دەستمان بەکارکردن کرد، ئەو کاتیش هیچ کۆمپانیایەکی پاسەوانی لەکوردستان نەبوو، تا لەو بوارەدا کاربکات، هەر ئەو کاتیش دوای نەمانی دەسەڵاتی(ڕژێمی بەعس) بیرمان لەوە کردەووە تا گرنگی زیاتر بەو کۆمپانیایە بدەین، ئەوەبوو لە ساڵی 2007بە شێوەیەکی فەرمی دەستمان بەکارکردن کرد و لەوەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتمان وەرگرت. دواتر چەندین پڕۆژەمان وەرگرت لەو کاتەوە تا ئەمڕۆکە زیاتر لە 1300 پاسەوانمان لە هەموو هەرێمی کوردستان هەیە، جگەلەوەش چەندین پڕۆژەمان لە (هۆتێل و نەخۆشخانە و شارە مۆدێرنەکان و بازاڕ و ڕێکخراوە ناحکوومیەکان و کۆمپانیا بیانیەکان) پاسەوانمان هەیە و لقمان لە چەندین شوێندا هەیە، لەشارەکانی (سلێمانی و کەرکوک)و شارەکانی دیکەی عێراق هەیە. ئەو کەسانەی کەلەلای ئێمە کاردەکەن مەرجمان بۆی هەیە، یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە کە دانیشتووی (هەرێمی کوردستان) بێت و هەلی کارمان تەنها بۆ گەنجانی کوردستانە، کارەکانی ئێمە زیاتر کارکردنە لە بواری ئەمنی و ئەو کەسەی کە وەردەگیرێت تەمەنی لە سەرووی 21ساڵان تا تەمەنی 55ساڵان زیاتر بێت، جگەلەوەش لە ڕووی جەستەییەوە نابێ نەخۆشی دڕێژ خایەنی هەبێت، بۆ ئەوەی گەنجان زیاتر سوود مەند بن. لەکۆمپانیا هەفتەی ڕۆژێکمان بۆ چاوپێکەوتنی گەنجان داناوە، ئەویش ڕۆژی دووشەمەیە، بۆ وەرگرتنیان، تا ئەو کەسانە لەسەر کار دابنرێن. هەر لە پێناو زیاتر سوودوەرگرتنی ئەو کەسانەی کەوەردەگیرێن و حەزیان لە خۆیندنە، دەتوانین هاوکاریان بکەین و پالپشتیان بکەین بۆ ئەوەی درێژە بەخوێندن بدەن و کاربکەن و چەندین کەسمان لەلایە، هەم کار دەکەن، هەمیش لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێنن، ئەو هاوکاریەی ئێمە بۆئەوەیە کە ئەو گەنجانەی کەلەلای ئێمە کاردەکەن دۆش دانەمێنن لەوەی کەکارکردن لە مپەر بۆ کارەکانیان دروستدەکات، چەندین گەنجی دەسترەنگین هەیە لە کۆمپانیاکەمان ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵە کار دەکات و خۆشحاڵە لەکارەکەی خۆی. هەر لەپێناو زیاتر هێنانەناو دونیای پاسەوانی، ئێمە هەفتانە خولی تایبەتی ڕاهێنانمان هەیە بۆ ئەو گەنجانەی کە دێن بۆ کارکردن، ئەو خولە بێبەرامبەرە و لەو خولەدا گەنجان فێری سەرەتای کاری پاسەوانی بێت و دەرفەتیش بەو گەنجانە دەدەین کە زیرەکن لە کارکردن و هەرگیز بیرلە ڕۆتینیات ناکەین و ئەو گەنجانەی کە دێن بۆ وەرگرتن، هەرگیز لە کاتی وەرگرتندا جیاوازی لە نێویاندا ناکەین. هەفتانە (100-150) گەنج وەردەگرین بۆ کارکردن و لەکاتی هاتنیان فۆرمی تایبەت هەیە بۆ وەرگرتیان، ئەوانەی کە وەردەگیرێن دێن بۆ (مەشق و ڕاهێنانی بواری پاسەوانی) و پێویستە گەنجەکە خوێندەواربێت و ئەوانەی کە وەردەگیرێن بە پێی ناوچەی جوگرافی دابەشیاندەکەین، تا شوێنی کارەکەی زۆر دوور نەبێت لە شوێنی پاسەوانیەکەی و



بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا:

لەکاتی وەرگرتنی گەنجاندا بیر لە جیاکاری ناکەینەوە و بەیەک چاو سەیری هەموویان دەکەین



گەنجانی ڕەوشت بەرز وەردەگرین و فێری هەموو خاڵە گرنگەکانی کارکردنیان دەکەین و لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان هاوکاری و هەماهەنگی تەواومان هەیە و کۆمپانیاکەمان خاوەنی بڕوانامەی ئایزۆی نێودەوڵەتیە لە کارکردن و بەڕێوە بردن و چەند ڕێنماییەکمان هەیە یەکێک لەوانە نابێ کارمەندانمان لەکاتی کارکردن خەریکی (مۆبایل و ئینتەرنێت) بن، لەگەڵ چەندین ڕێنمایی دیکەدا. هەوڵماندواوە گوێ لە بیرو بۆچوون و سکاڵای ئەوانە ڕابگرین کە لەلامان کار دەکەن و هەفتانە زیاتر لە 100 گەنجی بێ کار سەردانیمان دەکەن، تا کاربکەن لەلامان و زۆرترین دەرفەت بە گەنجان دەدەین بۆ وەرگرتن.

گەنجانی بێکار قسەی خۆیان هەبوو

کاتێک کە سەردانی ئەو کۆمپانیایەمانکرد، ژمارەیەکیزۆری گەنجانی بێکارمان بینی لە چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەیان دەکرد.

"دلێر" گەنجێکی تەمەن 20 ساڵان بوو گوتی: نزیکەی شەش مانگە بەدوای کاردا دەگەڕێم و کارم دەستناکەوێت، زۆر سوپاسی کۆمپانیای بەرزە دەکەین کە دوای پرکردنەوەی فۆرمەکەم یەکسەر وەریانگرتم و بەشداری مەشق و ڕاهێنانمکرد.

"شێرزاد" گەنجێکی تەمەن 22ساڵان بوو گوتی: هاتووم فۆرم پڕبکەمەوە، تا کارم دەستکەوێت، سوپاسی (کۆمپانیای بەرزە) دەکەین کە دەرفەتی کارکردنی پێدام تا کار بکەم و دەستخۆشیان لێدەکەم کە لەبێکاری ڕزگاریانکردم. "هەردی" گەنجێکی دیکەی 20ساڵان بوو گوتی: ماوەی چەند مانگێکە لەو کۆمپانیایە کار دەکەم، هەرگیز کارەکە جێناهێڵم، چونکە بێکاری



مازوو بۆ دەرمان و جوانکاری بەکاردێت

هەناردەکردنی مازوو دەروازەی بژێوییە بۆ گوندنشینان

لە سێرت مازووەکان دوای ئەوەی لە درەختەکان دەکرێنەوە و کۆدەکرێنەوە، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە هەناردەی چەندین وڵاتی جیهان دەکرێن و ئەمەش سەرچاوەی بژێویی و داهاتە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

هەندێک لە دانیشتوانی گوندەکان، دوای لێکردنەوەی مازووکان بە ماندووبوونێکی زۆر لە لقی درەختەکان، بەو کۆمپانیایانەی دەفرۆشن کە کاری هەناردەکردن دەکەن. مازووەکان لە سێکتەری دەرمان و جوانکاریدا بەکاردەهێنرێن و بۆ هەریەک لە وڵاتانی چین، ڕووسیا، فەرەنسا، بەلجیکا، هیندستان، دوبەی، ئێران، عێراق، پاکستان و مالیزیا هەناردە دەکرێن. هەر کیلۆیەک مازوو بە 15لیرە بەمەبەستی هەناردەکردن دەفرۆشرێت و بەو هۆیەشەوە دەبێتە سەرچاوە بۆ دانیشتوانی گوندەکان. سەفا ئۆزگور کە لە گوندی ئۆرمانناردی سەربە شارۆچکەی ئەروح دەژی، لە لێدوانێکدا، ئاماژەی بەوەکرد بە کۆکردنەوەی مازوو بژێویی خێزانەکەی دابین دەکات.

ئۆزگور گوتی: بەهۆی کۆکردنەوەی مازووەوە لە بێکاری ڕزگارم بووە. لەڕێگەی ئەو مازووەی کە بەشێوەی خۆرسک لە چیاکان پێدەگات، دەتوانین بژێویی خۆمان پەیدا بکەین. لەجیاتی ئەوەی بچینە پارێزگایەکی دیکە و کاربکەین، لە شارەکەی خۆمان ڕۆژانە 20- 30 کیلۆ مازوو کۆدەکەینەوە و قازانجی زۆرتر دەکەین.

ئەو باسی لەوەکرد تەنها لە گوندەکەی ئەو ساڵانە تێکڕا 10 تۆن مازوو کۆدەکرێتەوە و داهاتێکی بەرچاوی ئابووریی بۆ گوندنشینەکان دەهێنێت و پێشنیاری کرد دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەریش مازوو کۆبکەنەوە و داهاتیان دەستبکەوێت. ئەحمەد ئۆزگوری تەمەن 35ساڵ کە لە سێرت دەژی، گوند بە گوند دەگەڕێت و ئەو مازووەی هاوڵاتییان کۆیان کردووەتەوە، دەکڕێتەوە و هەناردەی دەرەوەی وڵاتی دەکات.

ئۆزگور باسی لەوەکرد ساڵانە هەزار و 500تۆن مازوو هەناردەی دەرەوە دەکات و ئاماژەی بەوەکرد مازوو لە سێکتەرەکانی دەرمان، بۆیە و جوانکاریدا بەکاردەهێنرێت.

تیشکی خستەسەر ئەوەش کیلۆیەک مازوو لە گوندەکان بە 13لیرە دەکڕێت و بە 15لیرە هەناردەی دەرەوەی دەکات.





دابەشکردنی عێراق باشترین چارەیە

سەربەست بامەرنی

سەرۆک وەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی، رووبەڕووی گەردەلوولێکی سەخت دەبێتەوە، کە لەبەر چەند هۆکارێک بۆ کەواندنی حکومەتەکەی رێکخراوە، لە پێشەوەی هەموشیانەوە، هەڵوێستی ئەو پیاوەیە لەسەر کێشەی نیشتمانی کوردستانی و، هەوڵەکانی بۆ چارەکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە، لەسەر بنەمای دەستوور و رێزگرتن لە ویستی گەلی کورددا. لەمەوە بۆمان دووپات دەبێتەوە، وەکو چەندین جار ئامارژەمان پێداوە، بوونی دۆستێکی گەلی کوردستان لە لوتکەی دەسەڵات، بۆ چارەکردنی قەیرانە قوولەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەس نییە، سەرچیخیش ناچم ئەگەر بڵێم، چەندین ناوەندی بڕیار لە بەغدا، بە تەواوی لەدژی بڕچوونەکانی سەرۆک وەزیرانن و، بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو، کار بۆ شکست پێهێنانی پلانەکانی و بەربەست خستنە بەردەمی دەکەن، ئەوەش بۆ جاری هەزارەهەم، ئەو پرسیارە رەوایە دەخاتە روو، چ پاساوێک بۆ مانەوەی گەلی کوردستان لەنێو دەوڵەتی عێراقدا هەیە. ئایا نەبووەتە شتێکی پێویست، جیهانی دەڕوە، چاو بە داهێشکردنی دۆستانەی پێکهاتەکانی عێراقدا بخشێنێتەوە، کە ئێستا هیچ شتێک، بە گوێرەی دسپلین و یاسا نێودەوڵەتییە باوەکان، پێکەوە کۆیان ناکاتەوە.

چالاکییە گەرم و دژەکانی گەلی کوردستان، کە بەم دواییە هەڵکشانێکی مەترسیداری بەخۆوە بینیووە، بە رووبی ئامارژە بەوە دەکەن، مێشکی زۆرینەی ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە بەغدا، چ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ مێشکی رژێمی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕدا نییە، چونکە هەر کاتێک خۆی بە هێز ببینێت، لە بەرپاکردنی هەڵمەتی قڕکردنی بەکۆمەڵ، ئەنفالی تازە و نغرۆکردنی کوردستان لە دەریایەکی خوێن، بە پیرۆزبایی هەرێمایەتی ناسراو بە دژمندارییەتی تۆندی، بۆ هەموو شتێکی کوردی و کوردستانی سڵ ناکاتەوە، ئەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشووش پێی هەڵسا، بە هێرشکردنی بۆ سەر ناوچەیەکی کوردستان، ئەنجامدانی کوشتارگەی خورماتوو و لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرکردەیەکی یەکێ لە میلیشیاکان، لە بارەی شاری کەرکوکەوە، کە نکۆلێکردنێکی بە ئەنقەستی دەستووری فیدراڵی و ماددەی 140، بە باشترین بەڵگەی ئەم ئاراستەیە دادەنرێت.

هێرشەکانی ئێستا، ئەوەندە سەرۆک وەزیرانی عێراقی نەکردووەتە ئامانج، بە قەد ئەوەی ئامانجی بەرپاکردنی جەنگێکی تاوانکاری تازەیە، لەدژی گەلی کورددا، چەندین لایەنی ناسراویش، بە شێوەیەکی بەمەبەست و بەرنامە بۆ دانراو، کار بۆ دابینکردنی پێشەکی پێویست دەکەن، ئەوەش بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان، سڕینەوەی هەرێم و ئەنجامدانی گۆڕانکاری فراوان، لە پێکهاتەی دانیشتووانداو، بۆ ئەوەی دووەم گەورەترین پێکهاتەی ولات، بکاتە پێکهاتەیەکی لاوەکی بچووک، کە تەنیا لە بەکرێگیراو و ئەڵقە لە گوێیەکانی خۆی پێکهاتبێت، ئەوەش ئەو خەونەیە، کە زۆر جار بە ئەندێشەی رەگەزپەرستانی نەخۆشدا دێت، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت، بێجگە لە زیادبوونی نەگبەتی، کارەساتەکان و گەورەکردنی درزی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکی عێراقدا نەبێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەموو ئەوانەی، لە هەمبەر گشتپرسی میللی و مێژوویی کوردستان، لە ڕێکەوتی 25ئەیلوولی 2017، هەڵوێستێکی نەرێنیان هەبوو، بەشێک لە ڕەوشی خراپی ئێستای عێراقیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە ئەو هەڵوێستە نەرێنییەیان (کە دژی یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە)، هانی هەموو ڕەگەزپەرست و دژ بە مافەکانی گەلی کوردستانی دا، زیادەڕەوی لە نەفامی، دژایەتیکردن و هەوڵە تاوانکارییەکانیاندا بکەن، بۆ ئەوەی بزاوی نیشتمانی کوردستانی لەناو ببەن و، گەلی کورد لە مافە ڕەواکانی بێبەش بکەن.

بە دڵنیاییەوە، ئەو جەنگەی کە ڕەگەزپەرستەکان هەوڵی بۆ دەدەن، نابێتە (گەشتێک بۆ باکوور)، وەکو چۆن جارێکیان وەزیری بەرگری عێراق وای وتبوو، ناشبێتە (لابردنی چیاکانی کوردستان بە شۆفەڵ)، وەکو ئەوەی سەرۆک کۆمارێکی پێشوو داوای کردبوو، بەڵکو دەبێتە کارەسات بۆ تەواوی گەلانی عێراق، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، هەموش دەبێت نرخێکی گرانی، ئەو گەوجایەتی مێشکە ڕەگەزپەرستانە نەخۆشە بدەن، کە لەسەری زۆرێک لە دروستکەرانی بڕیار لە عێراقی ئەمڕۆکەدا هێلانەی کردووە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، دابەشکردنی دۆستانە، لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا، باشترین چارەیە بۆ ڕەوشی عێراق و ڕزگارکردنی پێکهاتەکانی، لەو کارەساتانەی کە هەندێک پلانی بۆ دادەڕێژن. نموونەی ئەوانەی داکۆکی لەوە دەکەن، کە بەیەک پارچەیی عێراق ناسراوە، چ بە نیاز باشی بێت، یان بە نیازێکی گوماناوی بێت، وەکو خاوەنی ئەو مردووە وان، کە بێ هوودە چاوەڕێ دەکەن، مردووەکەیان لە جیهانی مردووادا بگەڕێتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

پەکەکە و سیاسەتا دروستکرنا کێشا و گرفتا بو هەرێمێ



بەدرخان زاویتەیی

پشتی پیلانا دروستکرنا داعش و رویدانێت 16ئوکتوبەر کو بو ژنافبرنا هەرێما کوردستانێ و کوشتنا دوزا کوردی هاتبونە دانان و لسەر دەستێ پێشمەرگەیی و پارتی هاتینە ژناڤبرن . ئەڤە ماوەکە پەکەکە وەک کارتەکا دی یاددەستێن دوژمنا دەست ب تێکدانێ و گەفا و دروستکرنا چەتا و هێزن چەکداری لباشورێ کوردستانێ کریە و بەلافکرنا چەند ڤیدیویەکێن مونتاژ کری کو تێدا چالاکییێن خو نیشاندەن دژی سوپایێ تورکیا و لدویف گوتنێ وان کو ئەف ناوچە دەڤەرا بارزان و زاخو و چەند جهێن دینە . لێ گەلەکا فەرە خەلک هشیاری پیلانێ پەکەکێ بیت و راستی و دروسیا دامەزراندنا و مەردم ژ هەبونا وێ بزانیت.

پەکەکە هەر ژ دەستپێکا دروست بونا وێ و خو راگەهاندن وەک پارتەکا سیاسی یاچەپ ل (1978/11/27) و گێردانا یەکەم کونگرە ل دیمەشقا پایتەختێ سوریێ لسالا 1981 و بلندکرنا دروشمێ دەولەتا کوردی یامازن و دژایتکرنا وێ بو هەر پارتەکا دی یاسیاسی یاکوردی کو دگەل ڤی دروشمێ پەکەکێ نەبیت، خویابو کو هندەک ئەجیندێت موخابەراتی ئەف پارتە دروستکریە تایبەت سوریێ و ئیرانێ و تورکیا و هەر زوی هندەک لایەنێن سیاسیی؟! پشتەڤانیا خو بو وی دروشمی دیارکر !! بەلێ یاناشکرا بو کو مەرەم ژڤێ دروشمی ئەوبو کو بهانەیا بدەنە وەلاتێن دەڤەرێ کو هێزێ دژی بزاڤا رێزگاریخوازا کوردی بکارببن و هیچ رێکەکێ ئان دەلیڤەکێ نەهێلێن بو دانوستاندنا !! و وەک گەف لسەر بەرژەوەندییێت وان و وەلاتێن زلهێز دا نیشاندان!! و وەک گروپێن چەکدار و تێکدەر لقەلمدان. لێ جهێ حێبەتیبونێ یە کو نوکە پەکەکە بفەرمی دبێژیت کو دەولەتا کوردی د فەرهەنگا وان یا سیاسیدا نینە و نە ژ ئەخلاقێ وانە و دژی پارچە بونا ڤان وەلاتانە .

لسەرهلدانا بهارا سالا 1991 لکوردستانا عیراقێ ئەڤێ پارتا بناڤ کوردی چ هەلویست و پشتەڤانی بو سەرهلدانی دیارنەکرن بەروڤازی پشتی دەربەدەربونا کوردان و کوچبونا وان بو وەلاتێ تورکیا و ئیرانێ پەکەکێ دەست بتالانکرنا گوندیێت کوردان کر و چەکێ خەلکی ژێ وەرگرت و کری داکو دووبارە ئەڤە نەبنە گەف لسەر ئێمناهیا ڤان وەلاتا و پروپاکندێت درەو و بێ بنەما بەلافکرن و بهەمی رەنگا سەرکردێن سەرهلدانێ نەشرین کرن دچاڤێ خەلکیدا !!

پشتی هەلبژارتن سالا 1992 لهەرێما کوردستانێ پەکەکە و ئەجیندێت دەرەکی گڤاشتن مازن لسەر لایەنێن سیاسیی دروستکرن کو بئەنجامێن وێ رازینەبن و کێشا دروستکەن بەلێ پارتی شیا بلانسێ سیاسی ل کوردستانێ راگریت و فێفتی فێفتی پەرلەمانی و حکومەتێ بریڤە ببەن لێ هەر پەکەکە و لپشت وێ ئەجیندێت موخابەراتی !! نە راوستیا و بهێجەتا داهاتێن حکومەتێ، هندەک لایەن پالدان کو شەرێ ناڤخو هەل بیت و خەلکی پشتی وان نەهامەتیا خرا توشی کارەساتێن مازنتر بکەن .

شەر خوسارەتیە و مال خرابکرنە بو هەمی لایێن شەرکەر !! و ئەو شەرێ ناڤخو کو دروست بوی تانوکە ئاسەوارێت وی یت ماین و کوردستانێ باجەکا مازن یاوی شەری دا بەلێ مخابن لشوینا پەکەکێ رولێ نیوانگیریێ دیتبا و هەولدابا شەر راوستیت !! جەبهەیەکێ دی یێ شەری قەکر دژی پارتی و تایبەت لسنورێت دەڤەرا بەهدینا و سەرەرایی وان ئابلوقێن ئابوری و ین سیاسی یت مازن لسەر هەرێمێ پەکەکێ ئەو گوندێت پشتی ئەنفالا ماین ژی خرابکرن و خەلک ژ کوندان دەرکەت و بارێ خەلکی ژ هەمی لاڤە ئێکجار خراب بو !! دوژمن دوزا کوردی هوسا هزردکر کو بڤی رەنگی د شیێن پارتی و مالا بارزان ژ نافبەن و ژ هەر بزاڤەکا سیاسی دویرکەن و دوزا کوردی نێدی نامینیت !! لێ ئەو شکەستن و پارتی بهێز تر لێهات .

ئەڤە ئەگەر ئەم بزانین کو پەکەکە لسوریا هەڤپەیمانە دگەل ریژێمێ و دژی هەر پارت و بزاڤەکا کوردیە ل روژئاڤا و ئەگەرێ سەرەکی بو کو رێژێما سوریێ نە روخییێت. هەروسا پیلانا وان لکوبانێ سەرنەگرت کو وی باژێری رادەستی داعش بکەن و بهانەیا بدەنە تورکیا کو بو پارستنا سنوریێت خو بێت و کوبانێ داگیربکەت. لێ بهەول بەردەوامێن بارزانی ئەو باژێر هاتە پاراستن و پاقژکرن ژ تیرورستا . لەورا دووبارە ئەو پیلان ل عەفرینێ گێرا و مخابن تورکیا ئەو شارێ کوردستانێ نوکە داگیرکریە و هەمی بزاڤا یا دکەت کو مونبج داگیربکەت و هەبونا کوردان لسوریێ بەرەف لاوازیەکا تمام ببەت. بو زانین کوردستان ل سوریێ 822 کیلومەتر سنور دگەل تورکیا هەنە لێ هێشتا پەکەکێ یەک فیشەک دژی تورکیا لوی سنوری نە پەقاندیە و یەک بیسە ژی بو لەشکەرێ وان و ملیشاتن سەر ب تورکیاڤە نە دانایینە لعەفرینێ کو ئەڤە ماوەکێ دریژە یاداگیرکری.

ل ئیرانێ دارەدستا دەستهەلاتێ یە و پارێزەرا سنوریێت ئیرانێ لدەڤەرێن کوردی و دیسا دژی وان پارتێن کوردیە ین دژی کومارا ئیرانێ. و چەندین جارا رێگێری ل چونا پێشمەرگێ روژهەلات کریە بچنە ناف ئیرانێدا و مفای ژ کاودانن زور خراب یت ئیرانێ بیێن بەلکو دژ راوستیا و شەرکر و چەند پێشمەرگە ژی شەهید کرن .

ل سەر سنووریێ ئیرانی، پەکەکە یا کێشە و ئاریشا چێدکەت داکو گوشار و نارحەتی بکەڤیتە ناڤ هەرێما کوردستانێ. ل عێراقێ پەکەکە ب هەمیی رەنگەکێ کاودانێن خو دژی هەرێما کوردستان و دانوستانێن ناڤبەرا هەیمێ و بەعدا ئاراستە دکەت، خو ل ئەرمینا هەڤپەیمانە دگەل هەر دوو پارتێن (هاشناق ژ تاشناق) ین دەستهەلاتدار کو تومەتبارێن ب ئەنجامدانا کومەلکوژیا دژی کوردان و رێگرێن بەرامبەر هەر بزاڤەکا کوردی لوی وەلاتی .لتورکیا پەکەکە نە دژی تورکانە بەلکو دژی وان پارتانە ین کو باوەری ب چارەسەریا ئاشتیانەیا کێشا کوردی هەیی و مخابن پەکەکێ و هندەک حزبێن سیاسی لهەرێما کوردستانێ ئەو هەولێن دوبلوماسی ین لباکورێ کوردستانێ هەین توشی گرفتێن مازن کرن و بهانە دانە حکومەتا تورکیا کو پروسا سیاسی و بیڤاژویا ئاشتیێ راوستینیت و شەری دەست پێکرە قە و پەکەکێ شەر برە دناف باژێرێن کوردانداو کرنە کاڤل و ژیان تێدا نە هێلا و خەلکێ کورد توشی کارەسات و دەربەدەریێ کر .

دروست بونا داعش و هاندانا وێ دژی هەرێمێ لهاڤینا سالا 2014 پیلانەک بو پشتی پیلانن ئوپراسیونا دیجلە و بادیە وجەزیرە و برینا موچە و بودجا هەرێمی و ئەو کودەتایا سپی یال پەرلەمانێ هەرێمێ دروست بوی ژلایێ هندەک لایەنن سیاسی ین هەرێمێ شکەستن ئینایی !! هوسا دیاردبیت ئەو پیلانا دژی پارتی و میللەتێ کورد هاتیە دارێتن لسالا 1993 تا سالا 1997و شکەستن ئینایی . هەمان پیلان برەنگەکێ دی هاتە دارێتن و لدەستپێکا سالا 2014 دەست پێکر و تانوکە یابەردەوامە .. لەورا دگەل شەرێ داعش بو دیارکرن، پەکەکێ هات بو دیارکرن، ئەوژی پشتی پەلەماری شنگال و دەڤەرێن دی دەت و داگیردکەت دگەل وان کاودانا پەکەکە بێت و وان جهێن گرنگ بگریت و برێیا راگەهاندنێ راپورتێن بێ بنەما دژی هەرێمێ و پێشمەرگەیی بەلافکەت و بهەمی رەنگا هەول بدەت نافێ پێشمەرگەیی کرێت و نە شرین بکەت دچاڤێ خەلکیدا و بێ باوەریێ لدەڤ پەیدا کەت و تانوکە یابەردەوامە و بهانەیا بدەتە وەلاتێن وەکو توربکیا و ئیرانێ و سوریا بێن دەڤەرێن سنوری بگرن و پتر هەرێمێ دورپێچ بکەن و لاواز بکەن. زور ژێدەر خویا دکەن کو گەلەک نەهامەتییێن کوردێن ئێزیدی پەکەکێ بخو ئەنجامدانە و زورەک ژ کچ و زاروکێن وان برینە .

لڤێرە خویا دبیت کو پەکەکە ژ ئالیێ چەند دەزگایەکێن موخابەراتی دئێتە برێڤەبرن و بەرژەوەندیت وان د پارێزیت و پتنێ ئەو جێبەجێکەرن و ئارمانجا هەرە گرنگا ڤێ حزبێ ئەوە کو ئاستەنگ و کێشا و گرفتا بەرامبەر سەربەخویا کوردستانێ دروستکەت، تایبەت پشتی ئەنجامدانا ریفراندومێ کو ببیتە رێگر بهەمی رەنگا بەرامبەر ڤێ خواستا میللەتێ کورد. داگیرکرنا قەندیلی و چەند ناوچەین دی ین باشوریّ کوردستانێ پتنێ بو وێ چەندێ یە سوپایی ڤان وەلاتا راکێشیتە ناف هەرێمێ و کوردستانێ توشی چەندین قەیران و گرفتن دی بکەت. بەلێ هەمی پێشبینی بو وێ چەندێ دچن کو پشتی دورپێچکرنا ئیرانێ و دانانا ئابلوقا سەر و تێکچونا بارودوخێ تورکیا و لاوازبونا پارتا دەستهەلاتدار پشتی هەلبژارتنێ شارەوانیا و راگرتنا بەلانسێ پەیوەندیا دنافبەرا هەولێر و بەغدا د پەکەکە وەکی هەر رێکخراوەکا دی یا نەرحەت دێ بدوماهیک هێت.

با کەلتووری گەندەڵی بگۆڕین بۆ قێزەونترین عەیبە



هێمن سورچی

هەتا ئێستا گەندەڵیمان ببوو بە کەلتوور بینیمان وڵاتمان ویرانبوو، بەڵام لەپێناوی بنیاتنانی وڵاتێکی تەندروست و پێشکەوتوو و ئارام، با هەمومان هەوڵبدەین کەلتووری گەندەڵی بگۆڕین بۆ قیزەونترین عەیبە کە هیچی کەمتر نەبێت لە عەیبەی شەرەف، تاکو شوێنی گەندەڵکاران لەم وڵاتە نەبێتەوە، ئیتر ئەوکات دەبینین وڵاتمان چەند کەناراوێکی ئارام و تەندروستە.

وەک ئاشکرایە گەندەڵی مەترسیدارترین ڤایرۆسە کە بناغەی کۆمەڵگا دەروخێنێت. بۆیە باهەموومان دەستبکەین لەناوبردنی ئەم دەردە کوشندەیە، پێویستە من و تۆ لەخۆمانەوە دەستپێبکەین، حکوومەتیش بە جددیی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بدات، بۆئەوەی لەناوەراستی رێگە بەیەک بگەین و ئەم کەلتورە قیزەونە داماڵین. زۆرن ئەو وڵاتانەی بەدەست گەندەڵییەوە دەنالێنن و کەمیشن ئەوانەی گەندەڵنین. بەدڵنیاییەوە خۆمانیش بەدەرنین لەم ڤایرۆسە. لەناوبردنی ڤایرۆسی گەندەڵی زۆر ئەستەمترە لە چارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجە کە تاکو ئێستا چارەسەری ئەستەم بووە، بەتایبەت کاتێک تەشەنە دەسەنێت.

بەڵام لێرە دا، داهێنانێکم کردووە لەدۆزینەوەی چارەسەی شێرپەنجەی گەندەڵی ئەم داهێنانەش سەرەتا پێشکەشدەکەم بە وڵاتی خۆم پاشان پێشکەشی دەکەم بەسەرجەم وڵاتە گەندەڵکارەکان تاکو وەک چارەسەرێک بەکاری بهێنێن بۆ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی. دەتوانم بڵێم گەندەڵی لای کەسانی نفس نزم بۆتە کەلتوور، گۆڕینی کەلتووریش هێندە ئاسان نیە بەڵکو دەیان و سەدان ساڵی دەوێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوەدەکەم هەموومان بەیەکەوە هەوڵبدەین کەلتوری گەندەڵی بگۆڕین بۆ قیزەونترین عەیبە بە جۆرێک هێچی کەمترنەبێت لە عەیبەی شەرەف! بۆ ئەوەی گەندەڵکاران ئۆتوماتیکیەن شوێنیان لەم وڵاتە نەبێتەوە و ڕووی ئەوەیان نەبێت لەنێو کۆمەڵگە سەریانبەرزبکەنەوە، ئیتر ئەوکات دەبینین وڵاتمان چۆن بەرەو کەناراوێکی تەندروست و ئەمان دەڕوات.

بەداخەوە ئێمە وەک تاکی ئەم وڵاتە بەردەوام گلەیی لە کەسانی بەرپرس دەکەین لەسەر گەندەڵی، من دەڵێم بەداخەوەم بۆ ئەم ووتە بێ بنەمایانە، چونکە لە زۆربەی کایەکان ئەوە من و تۆین گەندەڵی بە بەرپرسان دەکەین و دواتر شانازیشی پێوەدەکەین، ئەمە ئەوپەڕی دوروویە لە لایەک دژی بین لەلایەکیش شانازی پێوەبکەین. خۆ ئەگەر هەموومان دژی گەندەڵی وەستاین و بەتایبەت کردمان بە عەیبەیەک کە هیچی کەمتر نەبێت لە عەیبەی شەرەف، ئەو گەندەڵکاران ناتوانن لەم وڵاتە بژین، وە ئەگەر لەم وڵاتەش بمێننەوە وەک ئەوە وایە کە کەسێک بە ڕووتی بەنێو شەقامەکان دا بسوڕێتەوە، جا پیاو یان ئافرەت بێت خۆی لە ڕاستیدا کەسانی گەندەڵ هەروان بەڵام ئێمەین هەڵساوین جلێکی نایاسیامان کردونەتە بەر بۆ شاردنەوەی عەیبەکانیان.

من زۆر جاریش ووتوومە، بەداخەوە کەسانێک هەن بۆ سوالکردن شەرمدەکەن لەیەک دەرگاش بدەن، بەڵام بۆ گەندەڵی ئامادەن لەسەد دەرگا بدەن. تۆ سەیری بکە چۆن کەلتورێکی سەقەت وڵاتێکی وێرانت بۆ بنیات دەنێت و بەرەو ئاسۆیەکی نارووون و تاریکی دەبات زۆر جار ناشرینترین شتت بۆ وا لێدەکات شنازی پێیەوەبکەیت وە بە پێچەوانەشەوە.

لە کۆتایدا، دەمەوێت ئامارژە بەوەبکەم کە چەپڵە بەیەک دەست لێنادرێت بۆیە نەگەندەڵی و نە چاکسازیش هێچ کامیان بە تاکە کەسێک ناکرێن بەڵکو پێویستە هەمومان بەیەکەوە هەوڵبدەین ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە بەتایبەت هەوڵبدەین کلتوری گەندەڵی بکەین بە قیزەونترین کەلتوری ناو کۆمەڵگا خۆ ئەوکات کەسانی گەندەڵکار ناتوانن لەنێومان بژین ئەگەر لەنێویشمان بژین بەدڵنیایەوە ناتوانن سەریان بەرزبکەنەوە.

ئەمڕۆ من هەست دەکەم کەسانێک هەن لەنێو دەسەڵات نیەتێکی باشیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەیسە نە لەبەر ئەوەی کە پێشتر کەسانێک هەبوون ئەم نیەتەیان نەبووبێت، بەڵکو لەهەر قۆناغ و بارودۆخێکدا، چەند هەوڵێک و چەند ڕێگە و چارەسەرێک و چەند ڕێگە و نەهجەیەک هەن لە هەر قۆناغ و بارودۆخێکدا بەشێوازێک پەیڕەودەکرێ. بۆیە ئێستا من زۆر گەشبینم و هەستدەکەم نیەت و نەهجەیەکی باش هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام دووبارە دەبڵێمەوە پێویستە هەموومن هاوکار و هاوکرداربین، ئەگەر نا دوا فیشەکیشمان بێ سود دەتەقێت. با هەمومان هاوکاربین بەڵکو وڵاتمان بێت بە وڵاتێکی تەندروست و ئارام و هەموومان بەیەکسانی تیایدا بژین و لەو پەری ڕەفاهیەت و عەدالەت ژیان بەڕێبکەین.



لەیادی 6 ساڵەی کۆچی دوایی (فەلەکەدین کاکەیی)دا

فەلەکەدین کاکەیی.. پێشمەرگە و سیاسەتمەدار و رۆشنبیر و میدیاکار

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ماموستا فەلەکەدین کاکەیی خەباتکارێکی ماندوونەناسی رێگای رزگاری کوردستان بوو، رۆشنبیرێکی مەزنی هەمیشە لە سەنگەری گەل، رۆژنامەنووسێکی بلیمەت و قوتابخانە بۆ نەوەکانی ئەمرۆ بوو. داکۆکیکارێکی گەورە بوو لە ئازادی و پێکەوەژیان و بیری رۆشنی دیموکراتی، کەسایەتییەکی کوردستانی و خۆشەویست و جێگای ڕێزی هەموو لایەک بوو، سیاسەتوانێکی بە حیکمەت و قاڵبووی ژیانی پێشمەرگایەتی بوو، رۆناکبیر و نووسەر و ئەدیبێکی هەمیشە بەبەرهەم و بە بڕشت بوو، هاوسۆز و هاو ئاراستەبوو لەگەڵ بیری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، خزمەتکارێکی هەمیشە بەخەمی کولتور و هونەر و ئەدەب و رۆژنامەگەریی کوردستان بوو. لە دەستچوونی ماموستا فەلەکەدین وشکبوونی ناوادەی کانییەکی هەمیشە هەڵقوڵاو بوو، لە دەستدانی مرۆڤێکی کەم وێنە بوو، زیانێکی گەورە بوو بە هەموو کایەکانی کولتوور و رۆشنبیری کوردستان گەیشت.



ژیان و خەباتی فەلەکەدین کاکەیی

(فەلەکەدین سابیر کاکەیی) ناسراو بە (فەلەکەدین کاکەیی) لە ساڵی 1943لە دایک بووە و نووسەر و رۆژنامەنووس بووە لە سەرەتای ساڵی 1957-1959 دەستی بە چالاکی قوتابی و لاوان کردووە.

لە ساڵی 1964دەستی کردووە بە نووسینی رۆژنامەنووسی بە زمانی عەرەبی و لە ساڵی 1967لە بەغدا، رۆمانی بیتاقەی یانسیبی چاپکردووە و چەندین چیرۆکی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، سەرباری وتارگەلێکی ئەدەبی و وەرگێڕان لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە.

(فەلەکەدین کاکەیی) لە 1974وە تا 1994بە بەردەوامی سەرپەرشتی کردووە، واتە بە درێژایی 20 ساڵ بێ پچڕانەوە مەگەر بە هۆی وەستانی ئێزگەوە ، کە هەندێک جار ڕادەوەستا.

(فەلەکەدین کاکەیی) لە ساڵی 1980 تا 1991بە پراکتیک سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات بوو، کە بە نهێنی لە شاخ دەردەچوو، لە نێوان ساڵانی 1993-2001بە سەرنووسەری خەبات، کە دامەزرا و هەفتانە ژمارەیەکی لێ دەردەچوو، بە درێژایی ساڵانی 1960-1974رۆژی هەبووە لە چالاکییەکانی سەندیکا، جەماوەری و جوتیارییەکان و کرێکارییەکاندا.

لە ساڵی 1979 بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە، دواتر بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لە هەمان ساڵدا و تا ئێستاش لە ناو سەرکردایەتی حزبدا ماوە.

لە 1992 لە یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

لە ساڵی 1996 بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە 2006 دووبارە هەڵبژێردرایەوە بە وەزیری ڕۆشنبیری.

گۆڕانکارییەکی لە ژیانی نووسینیدا بەسەر دا دێت و دەچێتە ریز پەیامنێران و نووسەرانی رۆژنامەی ئەلتەئاخی ، کە رۆژانە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، وەک پەیامنێر و نووسەر لە ئەلتەئاخی کاری کردووە، دواتر بۆتە نووسەرێکی جێگیر و نووسەری لاپەڕەکان و بەڕێوەبەری نووسین .

لە 2003بۆتە سەرنووسەر و ئێستاش خاوەن ئیمتیازەتی هەروەک سەرنووسەری چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکەی بە کوردی و عەرەبی بووە، چ لە شار یان شاخ لە کاتی بەرگریدا.

لە ساڵی 1974بۆتە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ناو شۆڕش و بە پراکتیک بۆتە سەرنووسەری ئێزگەی دەنگی کوردستان، واتە لە ساڵی 1992 تا 2005 ئەندام پەرلەمان بووە، ئەندامی چەندین یەکێتی و ڕێکخراوی رۆشنبیری نووسەران و رۆژنامەنووسان بووە.

هاوکات ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتی کورد و تورک بوو، بەشداری لە ژمارەیەکی زۆری کۆنگرەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە بە تایبەتی پەیوەست بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ساڵی 1985وە تا گۆڕانی ڕەوشی عێراق. دەیان نامیلکە و کتێبی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی داناوە.

ڕۆژی2013/7/31 فەلەکەددین کاکەیی سیاسەتوان و بیرمەندی ناسراوی کوردستان و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوینەهەواری سەلاحەددین کۆچی دوایی کرد.

خوالێخۆشبوو(فەلەکەدین کاکەیی) نمونەی پێشمەرگەی ڕۆژانی تەنگانە بۆ کوردایەتی، نمونەی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان، نمونە نوسەرێکی سەرکەوتو و نمونە ڕووناکبیری کوردستان، نمونە تێکۆشەرەک کە هەمیشە لە گەڵ ئیش و ئازارەکانی خەلکی کوردستان بووە، هەمیشە خۆشەویستی سەرکردایەتی پارتی بووە ،مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی قارەمانی ڕۆژانی سەختی تەنگانە بوو لە ڕۆژ و قۆناغەکانی سەخت چ لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چ لە شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوزا، کەسێکی متمانە و باوڕپێکراوی نزیک شەهیدی هەمیشەلە یاد ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بووە، مرۆڤێک بوو کە تەنها ئامانجەکانی بیروباوری ڕێگای بارزانیی نەمربووە،هەمیشە پەیوەندی لە گەڵ نوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسەکان دۆستانە بووە.

*** سەرۆک بارزانی:** ڕۆڵی گەورەی فەلەکەدین کاکەیی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، وەک پێشمەرگە و سیاسەتمەدار و وەک ڕۆشنبیر و میدیاکار لە لایەڕە زێڕینەکانی میژووی گەلەکەماندا تۆمار دەکرێت.

بەڕێز جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، لە ماتەمینی خۆی بۆ کۆچی دوایی نووسەر و سیاسەتمەداری کورد فەلەکەدین کاکەیی نووسیبووی: ئەو پیاوە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان، بە درێژایی تەمەنی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا لە خەبات و تێکۆشاندا بوو، ڕۆڵی گەورەی ئەو لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، وەک پێشمەرگە و سیاسەتمەدار و وەک ڕۆشنبیر و میدیاکار لە لایەڕە زێڕینەکانی میژووی گەلەکەماندا تۆمار دەکرێت.

لەو ڕۆژانەدا کە بە ئاگر و ئاسن هەوڵی بێدەنگکردنی کورد دەدرا، جێ پەنجەی فەلەکەدین کاکەیی لە ڕۆژنامەکانی (التاخی) و (خەبات)دا بۆ گەیاندنی پەیامی کورد، زۆر دیار و بەرچاو بوو.

کاک فەلەکەدین وەک ڕۆژنامەنوسێکی هەڵکەوتووی برایانی کاکەیی، لە شۆڕشی گوڵانیشدا بەشداریەکی چالاک و کاریگەری هەبوو. دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەشمان، کاک فەلەکەدین وەک ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمان و دواتر وەک وەزیری ڕۆشنبیری و وەک سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکی گەورە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی کردووە. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوویش ڕاوێژکارێکی متمانە پێکراوی ئێمە بوو و بەشداریەکی گرینگی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە کوردستان هەبووە.

لە دەستدانی ئەو ڕۆشنبیر و تێکۆشەرە ناوادەی گەلەکەمان، خەسارەتێکی گەورەیە.

نێچیرڤان بارزانی: فەلەکەدین کاکەیی ڕۆشنبیرێکی زۆر فراوانی هەبوو، ئامانجەکانی هەمیشە زۆر گەورەتر بوون لە ئاڕەزووی شەخسی، کارکردنیشی زۆر فراوان و ماندوونەناسانە بوو

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆچی دوایی فەلەکەدین کاکەیی لە پەیامێکدا نووسیویەتی:

کە ئەم پەیامە دەنووسم بۆ نیشاندانی هاوخەمیی خۆم لەگەڵ نەتەوەکەم بەبۆنەی لەدەستدان و کۆچی دواییی فەلەکەدین کاکەیی، هەست بە خەمێکی زۆر گەورە دەکەم. کاک فەلەکەدین کەسێکی زۆر نزیک و خۆشەویستی من بوو، ئەو بۆ من وەک مامۆستایەک بوو.

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە، بەردەوام کاک فەلەکەدین کاکەییم لە مالێ خۆمان و لە بارەگاکانی پێشمەرگە، دەبینی. کاک فەلەکەدین و ڕەحمەتیی ئیدریس بارزانیی باوکم، لە دوای نسکۆ و دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان، بەردەوام پێکەوە کاریان دەکرد.

ئامانجی زۆر گەورە و پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و قوڵ، ئەوانی بەیەکتر دەبەستەوە، لەبەر ئەوەش هەموو کارەکانیان پێکەوە بەرهەمدار و سەرکەوتووانە بوون.

کاک فەلەکەدین کەسێکی زۆر قوڵ بوو، لەبەر ئەوەش توانای پێشبینیکردنی زۆر بەهێزبوو، کەسێکی بیر و ڕەفتاڕپاک بوو، سۆفی و زاهیدێکی ڕاستەقینە بوو، پەیوەندییە ڕووحانییەکان ئەویان والێکردبوو، بەردەوام تەنیا یەک تەماحی هەبێت،ئەویش لێکۆڵینەوە بوو لە فکر و کولتووری کوردی و پەیداکردنی کات بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی.

ڕۆشنبیرییەکی زۆر فراوانی هەبوو، بەو هۆیەشەوە کێشەی کوردی، بە گەورەیی خۆیەوە دەبینی. زۆر بە دیقەتەوە چاودێریی پێشکەوتنەکانی کێشەی کوردی لە هەموو لایەک و ڕوویەکەوە، دەکرد.

ئامانجەکانی هەمیشە زۆر گەورەتر بوون لە ئاڕەزووی شەخسی، کارکردنیشی زۆر فراوان و ماندوونەناسانە بوو.دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کاک فەلەکەدین زۆر خۆش بوو، بە ڕاستی گەنجینەیەکی فکر بوو. حەزی دەکرد خزمەتی هەموو کوردستان بکات،فەلەکەدین کاکەیی، لە دوای خۆی خۆشەویستییەکی گەورەی لەناو گەلەکەی و هەڤاڵەکانیدا بەجێهێشت، میژوویەکی گەورەی لە خەباتکردن تۆمار کرد، سەدان ووتار و لێکۆڵینەوە و چەندین کتێبی بەهاداری لە دوای خۆی بەجێهێشتن.

فەلەکەدین کاکەیی لە بیر و یادەوەریی ئێمەدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەو نمونەی پێشمەرگەیەکی خاکی، ئاوارەیەکی بەسەبر، ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی قوڵ، سیاسەتمەدارێکی خاوەن پێشبینی بوو.

مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی هەمیشە عاشقی قسەی حەق و ڕاست بووە، هەمیشە مرۆڤێکی بوو کە ماندووبوونی لای نەبوو و هەرچی لە پێناو ئامانجەکانی ڕێبازی بارزانیی نەمر پێ کرابا ئاماده بوو گیانی خۆی فیدا، سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات و التاخی بووە کە هەمیشە وەک سەرنووسەرێک پەیامی ئەو بابەتانەی بڵاو کردوەتەوە کە بۆ پێشکەوتنی کوردایەتی بووە، دوای ڕاپەرین ئەندامی پەرلەمان و 2 جار بووەتە وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، کەسێکی خۆشەویست بووە لای ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و هەمیشە هاوکاری بووە، خاوەن چەندین کتێب و نامیلکە بووە بۆ خزمەتکردنی کوردستان.

ڕێبازی بارزانیی نەمر کە هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە تاکو دوا ساتەکانی تەمەنی بەردەوام لە خەبات و خزمەت دا بوو.

مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی مرۆڤێکی شۆڕشکێر بووە و عاشقی ڕێگای بارزانیی نەمر بووە، مامۆستا فەلەکەدین نوسەر و ڕۆشنبیری هەستکردن بە ئازارەکانی کوردستان ،کەسێک کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە ڕۆژانی سەخت تاکو کۆچی تەرخان کرد،مامۆستا فەلەکەدین نمونە

وون بوون
مەنەفیست بەناوی ئاکار یحیی احمد جۆری ئۆتۆمبێل: فورد فیوشن صالون ٤ بستن ڕەنگ سپی مۆدێل: ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٥١٧٧ هەولێر/ تایبەت ژمارەی شاصی: 3FA6P0HV9HR204725 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ئازاد عمر جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس فلات جوانب متحرکە ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠٠٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤٩٩٣ ژمارەی لاشە (شاصی) WDB9302131L404937 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقودين :١- برهيم رشيد برهيم ٢- ميو مشكو ناصر
قدم السيد / شيراك برهيم رشيد طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
مديرية تنفيذ سميل
العدد/٧٧٢/ت/٢٠١٩
التاريخ/٤/٨/٢٠١٩
م/الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال المنقولة
اسم المدين (مقصود رضا دينارى)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على المواد الانشائية (رمل وبحص وحصو وقايشين نقل المواد) المتواجدة داخل معمل اسفلت في قرية باجد كندال التابع لناحية باتيل والعائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (١٦٥٧٥٠٠٠) ستة عشرة مليون وخمسمائة وخمسة وسبعون الف دينار عراقي للدائن (ارين عمر حسن) فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (ثلاثة) ايام من اليوم التالي من تاريخ النشر والا فان المواد الانشائية المحجوزة ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
***
دائرة كاتب عدل دهوك
العدد/الانذار المرقم ١٣٧١
التاريخ/٢٩/٧/٢٠١٩
م/اعلان
المنذر (صبيحه فتحي عمر) وكيلها المحامي (هفال وهاب رشيد)
المنذر اليه (كلستان علي مصطفى) العنوان مجهولوا محل الاقامة
قام موكلتي بشراء القطعة المرقمة (١٦/٣٨) مقاطعة ٨٤ بروشكي) وقام بدفع كامل المبلغ لشراء القطعة المذكورة اعلاه الا انك لم تحضر في دائرة التسجيل العقاري في دهوك لغرض تحويل القطعة المذكورة الى موكلتي (صبيحه فتحي عمر) ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنك في المحلة الان وكتاب مديرية شرطة محافظة نينوى والمنشات قسم شرطة تلكيف مركز شرطة تلكيف المرقم ٢٩٨٦ في ٢٠١٩/٧/٣٠ والانذار المرقم ١٣٧١ المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٧/٢٩ عليه ننذرك الحضور امام دائرة التسجيل العقاري في دهوك خلال (٧) ايام من تاريخ تبليغك بهذا الانذار وبعكسه ساضطر اسفا الى مقاضاتك امام المحكمة المختصة واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر
نيدار محمد محمد مهدي المفتي / المدير (كاتب عدل دهوك)
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : فيصل احمد عباس
قدم السيد / عباس احمد عباس طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / خالد هويدى وكاع
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٢٦٥٨/ش٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣١
جارِدان
بۆ داوالێکراو (کاروان قادر کریم)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوسن ابراهیم فرج الله) داوای ژمارە (٢٦٥٨/ش٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (طلاق تعسفی) دەکات لە تۆ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری مختاری (گەرەکی ژیان) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٤) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٢٦٥٧/ش٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣١
جارِدان
بۆ داوالێکراو (کاروان قادر کریم)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوسن ابراهیم فرج الله) داوای ژمارە (٢٦٥٧/ش٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی) دەکات لە تۆ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری مختاری (گەرەکی ژیان) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٤) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٥٧٦١/ش٢٠١٨/٤
ڕێکەوت:١/٨/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داوالێکراو محمود سامی علی شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٥٧٦١/ش٢٠١٨/٤ وە لەبەرواری ١٨/٧/٢٠١٩ بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەنێوان تۆ و داواکار (سالیار عیسی فیصل) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری گەرەکی دارەتووی نوێ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارداندە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسين كريم
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٤٢/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی پارچە زەوی ژمارە (٤٠ ك ٣١ کەوەرت) کە بینای کوشتارگەی لەسەرەوە بەرووبەری (٢٠٠م٢) بەکرێی ساڵانەی (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرژکایەتی شارەوانی چۆمان بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢١ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوازدەو نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١١٢٢
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٥٧٤/ش٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
جارِدان
بۆ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمن)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تازیا اومر موسی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٣٥٧٤/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (بژێوی) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەختیاری) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٨) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٥٧٦/ش٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
جارِدان
بۆ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمن)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تازیا اومر موسی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٣٥٧٦/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەختیاری) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٨) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٥٧٥/ش٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
جارِدان
بۆ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمن)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تازیا اومر موسی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٣٥٧٥/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (بژێوی) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەختیاری) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٨) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٢١/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:١/٨/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داوالێکراو گرنگ کریم مارف شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٥٢١/ش٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢٢/٧/٢٠١٩ بڕیاریدا لەسەر التفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار سارا حمید سلیم لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ دریم ستی و وەزیران شوقە و ڤیلاکانی ئیبیمپایەر بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارداندە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسين كريم
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٤٢/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی پارچە زەوی ژمارە (٤٠ ك ٣١ کەوەرت) کە بینای کوشتارگەی لەسەرەوە بەرووبەری (٢٠٠م٢) بەکرێی ساڵانەی (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرژکایەتی شارەوانی چۆمان بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢١ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوازدەو نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤١٤٦
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/٤
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
مولکی ژمارە ٩/٦٥٦ کە کەوتوەتە ك ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ایوب شوکت احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی صلاح شوکت احمد بەبڕی/ ٥٥٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاوەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٩/٦٥٦ ك ٤٤ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی (دوونهۆزم) یەکەم (٤) ژوور و هول و استقبال و حمام و مرافق مطبخ و نهۆمی دووەم (٥) ژووڕو حمام و مرافق و ژێرزەمین.
٥ – ڕووبەرەکەی/٦٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١,٠٢٠,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیار و بیست ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤١٤٦
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/٤
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٥٧/١٨٢ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ایوب شوکت احمد بەبڕی/ ٥٥٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاوەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥٧/١٨٢ ك ٤٥ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی یەك نهۆمی (٣) ژووڕو حمام و مرافق مطبخ و بیتونە. ٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٤٤,٠٠٠,٠٠٠ سەد و چل و چوار ملیۆن دینار.
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٠٩٠/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٤/٨/٢٠١٩
جاردان
داواکار (احمد حامد عبدالحسن) لە داوای ژمارە (٣٠٩٠/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داواکێراوان (بەڕێوەبەری چاودێری ناکامەکانی هەولێر سەرەڕای کارەکەی) و (ڕونـاك کـال خـضر) تیایدا داوای ماندنی وون بوو (حامد عبدالحسن محمد) دەکات کە لە سالی (١٩٩٨) وون بووە بۆیە دادگا بریاری دا بەبڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی ئەگەر لە ژیاندا مابێ ئەوا ئامادە بێت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/١٢) بەپێچەوانەوە دادبینی بەردەوام دەبێ و دادگا بریار دەردەکات بەپێی یاسا.
دادوەر/ صباح حسن رشيد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١٠١٤ /ت/٢٠١٨
ڕێکەفت/٣٠/٧/٢٠١٩
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (مرقوز یوسف فرنسیس)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٥٢٨٠٠٠٠) سیە وپینج ملیون ودوو سەد وهەشتی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (توما کورکیس حنا) بە پێی مادەی (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فرۆشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٦٣٠٠٠٠٠٠)شیست وسێ ملیون دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠٠٠ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٤/٨/٢٠١٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (یوسف محمد علی حسن)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکاریێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٤٧/ش٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٤/٨/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (اسعد احمد محمد صالح) جهێ ئاکنیجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ قێ دادگەهەێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری پەسندکرنا تلاقا دەرەکی ئەوا ڕویدای ل ٢٠١٢/١٠/٢٠ (تصدیق طلاق خارجی)تە وداواکار (فریدە محمد احمد) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر وەدستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێل کومەلگەها تەناهی کولانا الهو ئەف بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٢٣٤
ڕێکەوت: ٤ / ٨ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٩٥)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (کرینی ئامێر و کەل و پەلی پزیشکییەکان بۆ نەخۆشخانەی چاو لە شاری هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ١٩ / ٨ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە کەل و پەلی پێداویستی پزیشکی لە وەزارەتی تەندروستی تۆمارکراوە بێت و نوێکراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت دەبێت نووسراوی لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/٣٠
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فرمان قانع سەایل) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیداوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دانووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- ئێکسترۆدەری دروستکردنی خەلوز ژمارە/ ٤٥٤٠٠٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٩٠.
٢- خەلاتی تێکەلکردنی موادی خەلوز ژمارە/٤٥٤٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٣- فلتەری پاککردنەوەی دووکەڵ ژمارە/٤٥٤٠٠٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٤- پاککەرەوەو ڕێک خەری هەوا ژمارە/٤٥٤٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٥- قایشی گواستنەوەی خەلوز بۆ ناو حقن ژمارە/٤٥٤٠٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.
٦- سێ دانە قایشی گواستنەوەی خەلوز ژمارە/٢١١٠٥٤٠ و ٢١١٠٥٤١ و ٢١١٠٥٤٢ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥*٣٠٠.
٧- هۆپەری خەزن و تێکردنی خەلوز ژمارە/ ٢١١٠٥٤٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
٨- عەجانەی تێکەلکردنی مواد ژمارە/ ٢١١٠٥٤٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٢.
٩- دوودانە دروستکردن و کەپسکردنی خەلوز ژمارە/ ٢١١٠٥٤٥ و ٢١١٠٥٤٦ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*٢٠٠ و هاوپێچ ڕۆلە و بۆردی کارەبا.
***
دادگای کەتنی لە رانیە
ژمارە: ١١٠/ج/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد عزت عولا ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای کەتنی لە رانیە
ژمارە: ٢٧٢/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد احمد حمد ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (١/٤٢) لەیاسای (چاککردن و پاراستنی ژینگە) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٢٢٥/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (ابراهیم احمد امین)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٢٢٩ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبیت دادگایی دەکرێیت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادەر/ محمد شفیق حمە
***
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٢٨٢/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١١
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (رەوا جزاء حمەصالح)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٤٧٧ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبیت دادگایی دەکرێت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادەر/ محمد شفیق حمە
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٨٢/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (لاوان جلال ولایت)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١١٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٧
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (طارق فتحی مصطفی)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
***

هەلی کار

ئێمە وەکو کۆمپانیای (S.E.C.S.S) پێویستیمان بە (٧) کرێکار هەیە بە مەبەستی کارکردن هەر کەسێک ئارەزووی کارکردنی هەیە باراستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بکات کە دەکەوێتە ڕێگای مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە یاخود پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)
ناوی کار/ کرێکاری پاککەرەوە
ژ.هەلی کار/ ٧
مووچە/ ٤٩٠٠٠٠
ڕەگەز/ نێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٦٥٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (قارین) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٦٥٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (HAPPY TRAVEL) بۆ (فڕۆشتنی بلیتی فڕۆکەوانی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤٢٢٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (KNOWLEDGE ROOTS) بۆ گەشەپێدانی و پەرەپێدانی مرۆیی ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی کاروبار/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (KNOWLEDGE ROOTS) بۆ گەشەپێدانی و پەرەپێدانی مرۆیی ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی کاروبار/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ابراهیم محمود حاجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (KNOWLEDGE ROOTS) بۆ گەشەپێدانی و پەرەپێدانی مرۆیی ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی کاروبار/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (Thyssen Erbil) بۆ خزمەتگوزاری پیشەسازی و سەرخەر/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (KNOWLEDGE ROOTS) بۆ گەشەپێدانی و پەرەپێدانی مرۆیی ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی کاروبار/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٣٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (برهم عثمان رشید)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٢٤/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ئالان یوسف صالح)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٢١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (سیروان کریم غفور)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای (سزادان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٨/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (برهم عثمان رشید)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٧/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (هریم مجید کریم)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤/ت/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئاراس فتاح عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٤٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٧٥٧/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نسرین عمر کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨٩-٢٩٨) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٣٣/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سۆران محمد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢ ژمارە ٦ی سالی ٢٠٠٨) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٧٥٧/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نسرین عمر کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨٩-٢٩٨) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٣٢٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان عمر شهاب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٣٣/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سۆران محمد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢ ژمارە ٦ی سالی ٢٠٠٨) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمه سور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٣٢٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان عمر شهاب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمه سور
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٥٢١/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ادیبه حسین عبدالله
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/٩/١٠ بە (٤٣٢) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٤٣٠/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هۆشنگ حسین سلیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/٩/١٠ بە (٤٣٢) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٤٣٠/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هۆشنگ حسین سلیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٤ بە (٤٣٢) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتن چۆمان
ژمارە: ١٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ایوب نجات سلیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پالپشت بەماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لەبەردەم دادگای کەتنی چۆمان لە کاتژمێر (١٠) سەر لەبەیانی لەرێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٧) ئامادە بیت بەمەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە (١٩/ك/٢٠١٩) تایبەت بە سکالاکاران (١- سیروان احمد صۆفی ٢- اجر رسول عباس) بەپێی ماددە (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەپێچەوانەوە دادگایکردن بەشێوەی پاشمەلە (غیابی) دەرهەقت بەڕێوە دەچێت.
دادوەر/ سرود طاهر عبدالله
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٥٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٧/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: حسن پیرداود حسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٥٥/ك/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٨/٤/١٨ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشمەلە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەدە گرێت.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٨٣/ج/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ بێوار محمد محمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤١٢ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئاماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٤ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەشێوەی پاشمەلە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
***
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٩٠/ج/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٨
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ ڕێکان صمد خضر و سفر مظفر قلندر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئاماەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشمەلە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٦٠/ج/٢٠١٤/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨
بۆ/ سزادراوانی هەڵاتوو: گیلان احمد محی الدین و محمد جبار علی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٦٠/ج/٢٠١٤/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشمەلە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٠ بریاری دەرکرد بە سزادانتان بەبەندکردنتان بۆ ماوەی پێنج سال و یەك مانگ بەپێی ماددە ١/٤١٢ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە خۆتان رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنتان و سزادانتان دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پالپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

1- JOB TITLE: Driver

LOCATION: Erbil

JOB SUMMARY To be a part of a pool of drivers who can be tasked to drive clients around Kurdistan to wherever they need to go.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Kurdistan driving license valid for the type of vehicle to be driven, will drive either a bus or a 4x4 vehicle from the vehicle pool
- A thorough understanding of the English Language (spoken)
- A recent eye test.
- A minimum of 5 years driving experience
- Able to fix any basic vehicle issue such as a flat tyre.
- Completed a defensive driving course.
- Has attended a basic First Aid course.
- Has the necessary IT skills to be able to operate a GPS
- Good communication skills
- Abide by all driving protocols as directed by the Journey Manager
- Ensure all necessary paperwork is present in the vehicle
- Proactively takes responsibility for self-improvement by staying well-informed of developments, knowledge in his field of expertise.
- Uses knowledge, skills and expertise gained in daily work
- Keep the pool of vehicles in a clean and roadworthy condition
- Assist the Journey Manager in any other tasks.
- Assist other drivers with all reverse parking at the office vehicle park

NOTE:

- These positions will remain open until one week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Project QA/QC Engineer

LOCATION: Field Office

JOB SUMMARY: Project QA/QC Engineer duties will include producing the Project Quality Plan in line with Company specifications. Organize, implement, conduct and manage the QA/QC Programs as per the Company's Quality Policy.

KEY RESPONSIBILITIES

- Coordinate the document controls of technical submittals, drawings, etc. with the Project Team and to ensure that the QA/QC validation has been done, to ensure their issue, amendments and recall of controlled documents.
- Coordinate all inspections, monitor the required tests and record inspections and tests made per the Contract Plan and Contract Specifications.
- Liaise with the Client's representatives for the conduct of day-to-day quality related project activities.
- Coordinate with the HISP regarding work performance and hold authority to stop work in any area where discrepancies remain uncorrected and/or cancel the stop work order upon satisfactory correction of noted deficiencies.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor Degree in Process/Mechanical/Petroulem
- Knowledge of MS Office–Word & Excel & Outlook, MS Access and Primavera
- 5 years in Oil and Gas projects in which minimum 2 years relevant experience in quality assurance & quality control aspects for projects
- Issue and Maintain QCCAR sheets.
- Fluent English language skills spoken and written

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/8/5 ژمارە (5804)

کۆتاییهاتنی پەیماننامەی مووشەکی ماماوەندی ئەتۆمی ..

ئایا جارێکی دیکە جیهان بە ئاراستەی کێبڕکێی نوێی پڕچەککردن دەڕوات ؟





ئا: خالید گەردی

رۆژی هەینی رابردوو دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا، بە تۆمەتی پابەندنەبوونی روسیا بە پەیماننامەی نێوانیان "پەیماننامەی دانانی ئاستێک بۆ مووشەکی ناوکیی ماماوەندی" وڵاتەکەی لە پەیماننامەکە دەکشێتەوە.

پەیماننامەکە کە بە "ئای ئێن ئێف" ناسراوە لە ساڵی 1987 لەسەردەمی رۆنالد ریگانی سەرۆکی ئەمریکا و میغائیل گۆرباتشیفی دوا سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران واژۆو کرا، بە پێی پەیماننامەکە رۆکێتە ناوکییە وشکانییەکان ئەوانەی مەودایان لە نێوان (500 تا 5500) کیلومەترە قەدەغە کران. هەر بە پێی رێککەوتننامەکە رۆکێتەکانی روسیا لە جۆری (SS20) و رۆکێتەکانی ئەمریکا لە جۆری (بیرشنگ) کە زۆربەیان لە ئەورووپا چەسپێنرابوون لەناو بردران.لە لای خۆیەوە دۆنالد ترەمپ رایگەیاند؛ ئەمەریکا لە رۆژی شەممەوە سەرجەم پابەندبوونەکانی خۆی بە پەیماننامەکە راگرێت، سەرەتا لە پەیماننامەکە دەکشێتەوە، پرۆسەی کشانەوەکەشی لە ماوەی شەش مانگ بە کۆتا دێت. تەنیا ئەو کاتە نەبێت ئەگەر رووسیا پابەندبوونی تەواوی خۆی بە پەیماننامەکە رابگەیەنێت و سەرجەم رۆکێت و ئەو کەلوپەل و سەکۆ هەڵدانانەی لەدەرەوەی پەیماننامەکە بەرهەمی هێناون خاپوور بکات.لە بەیاننامەکەی ئەمەریکا هاتبوو: ماوەی (30) ساڵە ئێمە پابەندی تەواوی برگەکانی رێککەوتننامەکە بووین، بەڵام روسیا پێیەوە پابەند نەبوو، ئێمەش لەمەو دوا وەک ئەوان لە کۆت و بەندی پەیماننامەکە دەردەچین و پێیەوە پابەند نابین، هەر لەو بارەوە مایک پۆمبیو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش روونی کردەوە، واشنتۆن (30) جار زیاتر قسەوباسی دەربارەی پابەندنەبوون و پێشێلکردنی پەیماننامەکە لەلایەن روسیاوە کردووە.وەک پێشبینی دەکرێت، دوای پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەکە، هەر یەک لە ئەمەریکاو رووسیا سەر لەنوێ هەوڵ بۆ دروستکردنی موشەکیی نوێ بدەن.

کاردانەوە نیگەرانییەکان

لە سەرهەڵدانی کێبڕکێی دروستکردنی موشەکی ناوکیی نوێ هەر دوای راگەیاندنی بە فەرمیی دەرچوونی ئەمەریکا لە پەیماننامەکە، فەرەنسا رایگەیاند بە کۆتایی هێنانی پەیماننامەی چەکی ناوکیی ماماوەندی، مەترسییەکانی تێکچوونی سەقامگیری بۆ سەر ئەورووپا زیاتر دەبێت.هەر لەو بارەوە یاریدەدەری وتەبێژی وەزارەتی ئەورووپا و کاروباری دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند؛ وڵاتەکەی لە نەگەیشتن بە رێککەوتنێک بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی پەیماننامەکە لە لایەک و بەدەمەوە نەهاتنی روسیا بۆ ئەو رونکردنەوانەی کە لێی کراوە هەروەها ئەو داواکارییانەی کە ساڵی رابردوو بە بە شێوەی بەردەوام لێی کراوە بۆ جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە بە شێوەیەکی گونجاو، نیگەرانە.سەرانی ئەورووپاش جگە لەوەی نیگەرانی خۆیان لەبەمبەر لەبارچوونی پەیماننامەکە راگەیاند، پێشتر رووسیاشیان هاندا مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە بکات، کە بوونەتە مایەی نیگەرانی واشنتۆن پێش دەرچوونی بە شێوەیەکی فەرمی لە پەیماننامەکە.هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسیش ئەگەرچی لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ بڕیارەکەی ئەمەریکا دەربڕی بەڵام ئەوەشیان راگەیاندبوو نایانەوێت سەر لەنوێ بۆ "کێبڕکێی چەک" بگەڕێنەوە.لە بەرامبەردا روسیا لەلای خۆیەوە سەرکۆنەی بڕیارەکەی ئەمریکای کردو بڕیارەکەی بەبەشێک لە ستراتیژیەتی ئەمەریکا ناوبرد کە بۆ رزگابوونی لە پایەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی پەیڕەوی دەکات، مۆسکۆ پێشتر هەردەم جەختی لەسەر پابەند بوونی خۆی بە پەیماننامەکە دەکردەوە، بەبەردەوامیش ئەمەریکای بە پێشێلکردنی پەیماننامەکە تۆمەتبار دەکرد، تەنانەت مانگی رابردوو داوای لە رۆژنامەنووس و پاشکۆ سەربازییە بیانییەکان کرد ئەو سیستەمە چەکانە نمایش بکرێن کە بوونەتە هۆکاری ناکۆکی نێوانیان، فلادیمیر پوتینی سەرۆکی روسیا گوتوویەتی؛ هاوبەشە ئەمەریکییەکانمان بەشداری کردنیان لە رێککەوتنەکە هەڵپەساردووە، ئێمەش وەک ئەوان بەشداری کردنمان هەڵدەپەسێرین.پوتین لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەردوو وەزیری دەرەوەو بەرگری وڵاتەکەی جەختی کردۆتەوە روسیا دەست بە وتوێژی نوێ لەگەڵ ئەمەریکا دەربارەی داماڵینی چەک ناکات، چاوەڕێ دەبێن تا ئەو کاتەی هاوبەشەکەمان بە ئاستێک پێ دەگەن گفتۆگۆیەکی هاوسەنگ و واتادار ئەنجام بدەین، ئەوە بەڵای ئێمەوە بابەتە گرنگەکەیە. هەر لە کۆبوونەوەکە پوتین کە پێشتر وتبووی گوتوویەتی، وەک کاردنەوەیەک، روسیا هەوڵی پەرەپێدانی موشەکە ماماوەندییەکانی دەدات، بەڵام ناخرێتە نێو کێبڕکێی نوێی چەک کە تێچووی زۆری بوێت.هوا شونینگی وتەبێژ بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی چین لە کۆنگریەکی رۆژنامەوانیدا دەربارەی قسەکانی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا کە گوتوویەتی بەشێکی بڕیارە تاک لایەنەکەی وڵاتەکەی دەربارەی کشانەوەی لە پەیماناکە پەیوەندی بە جبەخانە ناوکییەکانی چینیشەوە هەیە، ناوبراو روونی کردەوە چین بەشێک نەبووە لەو پەیماننامەی کە پێشتر روسیاو ئەمەریکا واژوویان کردبوو، بەڵام ترەمپ داوای کردووە پێویستە چینیش بەشداری لە پەیماننامەکەدا بکات، رەخنەی لە سەرۆکی ئەمەریکا گرت گوتی ئەمەریکا خۆیان ئارەزوو دەکەن تاک لایەنە لە پەیماننامەکە بچنە دەرەوە بە شێوەیەکی نالەیەقیش باس لە وڵاتانی تر دەکەن و ئۆبالی دەرچوونەکەشیان دەخەنە سەر کەسانی دیکە کە ئەمە کارێکی بابەتیانە نییە، وڵاتەکەی هەردەم هەوڵی داوە سیاسەتی بەرگری نیشتیمانی پەیڕەو بکات بە هیچ شێوەیەکیش ئیبتزاز لە کەس قبوڵ ناکات.

سەرچاوە: فرانس /124 ف ب

ئاڵای وڵاتان



رووسیا

ڕەنگەکانی ئاڵای رووسیا بۆ سەردەمی قەیسەر پوترسی گەورە دەگەڕێنەوە، ئەو ئەم ڕەنگانەی لە ئاڵای هۆڵەندا وەرگرتوون. ئەم ئاڵایە لە سەردەمی شیوعیەتدا قەدەغە کرا، بەڵام دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت جارێکی دیکە بەکار هێنرایەوە .

مانشێت



سکای نیوز:
لە مۆڵێکی شاری ئیل پاسۆی سەر بە ویلایەتی تکساسی ئەمەریکا کەسێک تەقەی لە ژمارەیەک خەڵک کرد و لە ئەنجامدا 20 کەس کوژران و 26 کەسی دیکە بریندار بوون .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
بەهۆی ژەهراویکردنی کەسێک لە ساڵی 2018 لە بەریتانیا ، ئەمەریکا سزای زیاتری خستە سەر مۆسکۆ .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
چەند میدیایەکی ئەمەریکی ئاماژەیان بەوە داوە کە حەمزەی کوڕی ئوسامە بن لادن لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی ترەمپ کوژراوە .




بی بی سی:
لە مۆسکۆ ، پۆلیس زیاتر لە 300 کەسی دەستگیر کرد کە بەبێ مۆڵەت خۆپیشاندانێکیان ساز کردبوو .

کەناڵی ئار تی :
کۆڕبەندی ئاسیان داوای داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە نیمچە دوورگەی کۆریا کرد .



ئاژانسی یونهاب:
کۆریای باکوور مووشەکێکی دیکەی تاقیکردەوە کە بەم دواییانە پەڕەی پێ دراوە و پرۆسەکەش لەلایەن خودی سەرۆکی وڵاتەوە سەرپەرشتی کراوە .

گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان پان نییە، بەڵکو شێواوو لارە



ماوەیەکە کەسان و گروپێک لەنێو هەرێمی کوردستان و جیهانیشدا دەرکەوتوونەو دەڵێن گوایە زەوی پانە و گۆیی نییە! ئەمجارەیان گۆڤاری (ساینس) باڵاوی کردۆتەوە کەوا شکڵ و شێوازی خودی گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) شکڵ و شێوازی پان و فلات نییە ئەگەر لە تەنیشتەوە سەیری بکەین بەڵکو شێواوەو کۆتاییەکانی لارو خوارن.

ئەم دەرەنجامەش دوای ئەنجامدانی ڕوانگەکردنی زۆر وردو بەردەوام هاتە دەست کە بۆ گەشترین ئەستێرەکانی نێو گەلەستێرەماندا کراوە لەلایەن تیمێک لە فەلەکناسانی زانکۆی (وارشۆ) کەوا ڕایانگەیاندووە، ئا ئەو دیمەنەی کە ئێستا لەنێو کتێب و سەرچاوەو نەخشەو ئاپەکاندا هەیەو نیشانی دەدات گەلستێرەمان پان و فلاتە ، ڕاست نییە.


لەم بارەیەوە خاتوو دکتۆر. (دۆرۆتا سکۆرۆن) لە زانکۆی (وارشۆ) گوتی: " دیمەنی ئێستای باوی گەلەستێرەمان لە تەنیشتەوە بە پانی نیشان دەدرێت کە شێوەی دابەشبوونی تەنها 2ملیۆن و 500هەزار ئەستێرە ، لە ئەسڵی 2 ملیارو 500 ملیۆن ئەستێرەدا نیشان دەدات، بەڵام بۆچوون شتێکەو دەرکەوتنی ڕاستیی شتێکی دیکەیە

" لە ڕاستیدا هێشتا پێکهاتەی ناوەخۆیی و مێژووی ڕێی کاکێشان زۆر دووڕە لە تێگەیشتنمان، بەشێک لە هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەختی و ئاڵۆزییەکی یەگجار زۆر لە پێوانەکردنی دووری و شێوازی دابەشبوونی ئەو ئەستێرانەی دەکەونە قەراغە دەرەکییەکانی ڕێی کاکێشان.

لە تازەترین ڕاپۆرتی دەرچوو لە (دەزگای کەشناسی بەریتانی) کەوا دە ساڵی ڕابردوو بریتی بوون لە گەرمترین ماوە کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هاتبێت و لەنێویاندا 2014گەرمترینیان بووە لەوەتەی ساڵی 1884ی میلادی و ساڵی 2018 حەوتەم گەرمترین ساڵ بووە، وە لە بەرامبەردا ساردترین ساڵیش 1963 بووە، وە سەبارەت بە ئەمساڵیش، ئەوا تاوەکو ئێستا بەرزترین پلەی گەرمیی لە وێستگەی کەشناسی (کامبریدج) کە گەیشتبووە 38.7پلەی سیلیزی، ئەمەش لە 2019.7.25بووە

پسپۆڕانی کەشناسی بەریتانی ڕوونیان کردۆتەوە کەوا یەک بەدوای یەکداهاتنی ساڵانی گەرم و سارد لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا هێمایەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ڕووانی گۆڕانکاریەکی ئاوو هەوایی جیهانیی بەرچاو.

پسپۆڕی ناوداری کەشناسی (دکتۆر. مارک ماکارتی) گوتی: "بێ گومان ئێمە چاوەڕێی دەرەنجامێکی ئاوامان دەکرد، چونکە دڵنیاین لەوەی ئاوو هەوای بەریتانیا بەرەو نیمچەگەرمبوون دەچێت کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی جیهانیی بە بڕی یەک پلەی سیلیزیی لەسەر تێکڕای گشتیدا".



(گلایس GJ1132b) لە زەوی خۆمان دەچێت



تیمێک لە فەلەکناسانی ئەمریکی سەر بە (پەیانگەی تەکنەلۆژیی ئاماشوستس) توانیان لە ڕێگەی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ) هوە، هەساریەکی نوێ بدۆزنەوە کە لە جۆری (بەردینی -Rocky) یەو تا ڕادەیەکی بەرچاویش نزیکە لە سیستەمی هەساریی خۆمان و قەبارەکەشی نزیکە لە قبارەی خودی زەوی خۆمان و ماوەی نیوانمانیش لە سنووری تەنها 39ساڵی ڕوناکی، کە دەگاتە نزیکەی 370تریلیۆن کیلۆمەتر. بەپێی زانیارییەکان، ئەو هەساریە زۆر نزیکە لە ئەستێرەکەی، بۆیە زانایان زۆر بەدووری دەزانن کەوا ژیان لەسەر ئەو هەسارەیەدا فەراهەم بێت و ڕەنگە پلەی گەرمیی ڕووەکەی بگاتە سنووری 450پلەی سەدی. ئەو هەساریە نوێیە (گلایس GJ1132b) و تیرەی دەگاتە 14805 کیلۆمەترو بارستاییەکەی 60 ئەوەندەی بارستایی زەوییەو بەماوەی 1.6ڕۆژدا خولێک بە دەوری ئەستێرەکەیدا تەواو دەکات و بە مەودای تەنها 2ملیۆن و 200 هەزار کیلۆمەتر لێیەوە دوورە.

سەرەڕای ئەو نزیکییەی لەخۆڕەکەی و بەرزیی پلەی گەرمییەکەی، کەچی پسپۆڕان دەڵێن هێشتا ئەو هەساریە خاوەنی کەش و هەوایەکی لەبارترە لەو هەسارانەی کە ماوەیەک پێش ئێستا لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دۆزراونەتەوە، بەڵام خاوەن پلەیەکی گەرمیی یەگجار زۆر بەرزن و ئەوان هیچ جۆرە هیوایەکیان نییە بۆ بوونی ژیان لەسەریاندا، ئەوە هەڵبەتە لەژێر ستاندەرە مرۆییەکانی خۆماندا.

خاکی ئێستای (مەریخ) دوژمنی ژیانە!



پسپۆڕانی (زانکۆی ئیدینبەرە) لە (سکۆتلاند) سەلماندیان کەوا بوونی ژیان لە سەردەمی ئێستای (مەریخ) دا مەحاڵە ، لەبەر بوونی پێکهاتەی کیمیایی ژەهراویی لەنێو خاک و خۆڵەکەیدا.

پسپۆڕان دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان لەنێو ڕۆژنامەی (Scientific Re-search) دا باڵاوکردۆتەوەو تیایدا هاتووە کەوا خاکی ئێستای ئەو هەسارەیە پڕە لە پێکهاتەی کیمیایی ناسراو بە (بیرۆکلۆرەکان) کە جۆرێکە لە خۆێیەکانی (ترشی کلۆریک) و بە پێکهاتەیەکی ژەهراوی و فەوتێنەر دادەنرێت بۆ زیندەوەرەکان.

پسپۆڕان لەنێو تاقگەیەی زانکۆکەیاندا هەڵسان بەبەکارهێنانی پێکهاتەی بیرۆکلۆری هاوشێوەی ئەوەی لەسەر ڕووی مەریخدا هەیەو پاشان تێبینی کاریگەرییەکەیان کرد لەسەر جۆرە بەکتریایەک کەناسراوە بە (Bacillus Subtilis)، ئەوەشیان جۆرێکە لەو بەکتریایانەی بەزۆری لەسەر ڕووپۆشی کەشتییە ئاسمانییەکان و کەل و پەلە زانستییەکانی نێویاندا هەیەو بەیەکێک لەسەرچاوەکانی پیسکردنی بایۆلۆژیی دەژمێردرێت.

دەرەنجامی تاقیکردنەوەکەیان دەریخست و سەلماندیشی کەوا ئاستی ژەهرێتیی بیرۆکلۆر زۆر زیاتر دەبێت هەر کاتێک بەبەر تیشکی سەرووی وەنەوشەییەوە بکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەکتریایەکان لەماوەی تەنها چەند خولەکێکدا، هەروەها پسپۆڕان ئامارژەشیان بەوەدا کەوا (ئۆکسیدەکانی ئاسن و بیرۆکسیدی هایدرۆجین) کە بەرێژەیەکی زۆر لەنێو خاک (مەریخ) دا هەن و دەبنە هۆی بەرزتر کردنەوەی ڕێژەی بیرۆکلۆرەکان لەنێو خاک و خۆڵی ئەو هەسارەیەدا، ئەمەش بەدەوریەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەکتریایەکان بە ڕێژەی 10.8جار ئەوەندە خێراتر لە ئاستی سروشتی خۆیدا.

جێگای ئامارژەیە کەوا لەساڵی 2008و بۆ یەکەمجار پێکهاتەی بیرۆکلۆرەکان لەنێو خاکی مەریخدا دۆزرایەوە، دوای نیشتنەوەی کەشتی ئاسمانیی (فینیکس) لەناوچەیەکی نزیک لە جەمسەری باکووری هەسارەکەو دوای شیکردنەوەی پێکهاتەی خاک و خۆڵی نزیک خۆیدا دەرکەوت کەوا ڕێژەی چڕیی ئەو پێکهاتەیە دەگاتە نێوان 0.4تا 0.6 % ی پێکهاتەی خاکی مەریخ و لەداوی ئەویش لە 2014دا، گەڕۆکی (کریۆسیتی) هەمان دەرەنجامی دەرخست.

لە کۆتاییدا پسپۆڕان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کەوا پێکهاتە ژەهراوییەکانی بیرۆکلۆرەکان و لەگەڵ بەرکەوتنی ڕێژەیەکی زۆری تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بەر ڕووی ئەو هەسارەیەدا، بوونی ژیانی تەنانەت بەکتریایشی لەسەر ڕووەکەی کردۆتە مەحاڵ.

ئاسەواری چالاکی بای بەهێز لەسەر ڕووی (پلوتۆ) بینرا



تیمی پسپۆڕانی کەشتی ئاسمانی (نیو هۆڕایزنس) بەم دواییە توانیان زنجیرییەک وێنەی زۆر وردو نایابی کەشتییەکەیان کە لە ڕێگەی کامێرای پێشکەوتووی ناسراو بە (Long Range Reconnaissance Imager) یان (LORRI) و لە دووریی 49000 کیلۆمەتر لەو هەسارۆکەیەدا وەرگیرابوو، لەنێو یەک دیمەنی مۆزاییکی سەرنجڕاکێشدا کۆیکەنەوە کە پانتایی 250 کیلۆمەتری لەخۆ گرتووە.

لەنێو سیمایە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو وێنەیەدا، دەرکەوتنی بارستایی زۆر ڕوونی سەهۆڵی غازی (Methane) ی بریقەدار کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە لێتواری چاڵە نەیزەکییەکاندا دەرکەوتبوون، لەگەڵ باڵاوبوونەوەی جۆرە سەهۆڵێکی دیکەی ڕەنگ سوور، کە ئەویش لە دەرەنجامی کارلێککردنی نێوان گازی (Methane) و (نایترۆجین) لەنێو بەرگەهەوادا دروست دەبێ و بەشێکی زۆری لەنێو چاڵەکان و نزماییەکان و لێتوارە تیژەکانی ڕووی پلوتۆدا دەنیشێتەوە. لە هەندێ ناوچەی دیکەش ڕێژەیی سوورباوونی ناوچەکان بەو ڕەنگەوە زۆر زیاترە، کە بەڕای زانایان لە دەرەنجامی چالاکی بەهێزی بای ڕووی پلوتۆوە ئەو سەهۆڵە زیارو زیاتر بەسەر یەکتریدا کەڵەکە بوونە، بۆیە ئەم ڕەنگە سوورە قوڵەو لەهەمان کاتدا ڕووێکی زۆر تەخت و لووسیشی لەو ناوچانەدا دروستکردووە.

هێلکەی دایناسۆرەکان ڕەنگاو ڕەنگ بوونە!

لە دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی جیهانی دایناسۆرەکاندا، پسپۆڕان ئاشکرایان کرد کەوا هەندێ لەو جۆرە دایناسۆرانە هێلکەی ڕەنگاوڕەنگیان کردووە کە چەند هێلدارو خاڵدار بوونەو بە هەردوو ڕەنگی شین و قاوەیی بوونە.

شیکردنەوەی هێلکەی بەبەردبووی 12 جۆری دایناسۆر لە ئەوروپاو ئاسیاو ئەمریکای باشوور دەریانخست کەوا هەر هەمان ئەو دوو ڕەنگە لە هێلکەی دایناسۆرەکانی ئەو ناوچانەشدا هەبوونە، بە تایبەتیش گروپی ناسراو بە (یۆمانیراپتۆران) کە دایناسۆرە گۆشتخۆرەکانی وەک (ڤیلۆسیراپتۆر) و دایناسۆرە بچووکە ڕیشدارەکان دەگرێتەوە کە نەوەی پێشینانی باڵندەکانی ئەمڕۆکە بوونە.

"دۆزیمانەوە کەوا ڕەنگی سپی ئەو ڕەنگە باوە نییە لەنێو هێلکەی باڵندەکانی سەردەمی ئێستامان، بەڵکو دەرەنجامی ڕووداوی گۆڕانکارییە لە پێشینانیان لە دایناسۆرە ڕیشدارە نەفڕیوەکان، هەربۆیە ئەو دۆزینەوەیەمان تێڕوانینی پێشووترمان دەربارەی گۆڕانی ڕەنگی سپی هێلکەی دایناسۆرەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چاخی جۆراسیدا ژیابوون، لەوانەش کۆنترین باڵندەی ناسراو بە (ئەرکیۆپیترس) کە نزیکەی 150ملیۆن ساڵ پێش ئێستا لە (ئەڵمانیا) ی ئێستادا ژیابوون"، لە زاری خاتوو (جاسمینا وایمەن) ی پسپۆڕی بەبەردبووەکان لە (زانکۆی یێڵ).



جێگای ئاماژەیە، دایناسۆرەکانی جۆری (یۆمانیراپتۆران) بەشێک بوونە لە دایناسۆرە گۆشتخۆرە دووپێیەکان کە بە شێوەیەکی گشتی خاوەن قەبارەیەکی بچووک بوونەو وەک باڵندەکانی ئەمڕۆکەمان بە ڕیشی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوون.

خانمە شەترەنجزانێکی رووسی بۆ (خەبات)

ماریا یۆجینا: وازناهێنم تا بڕوانامەی گراند ماستەر بەدەست نەهێنم



دیمانە: هاوار کورتکەیی

ماریا یۆجینا ئەو خانمە شەترەنجزانە رووسیەیە هەڵگری بڕوانامەی فیدا ماستەری ئافرەتانە خێزانی Mihail Marinشەترەنجزانی ناوداری رووسی کە هەڵگری بڕوانەمەی گراندماستەرە،

شەترەنج لەنێو هەموویان

ماریا یۆجینا ساڵی 1988لە لینینگراد لەدایک بووە کە ئێستا پێی دەڵێن سان پترسبۆرگ، سەبارەت بە سەرەتای چوون نێو دونیای شەترەنج گوتی: کاتیک تەمەنم 6ساڵان بوو دایک و باوکم بەردەوام لەگەڵ خۆیان دەیانبردمە دەرەوە و بەشداری چەندین چالاکیان دەکردم وەک وینەکێشان و جومباز و گۆرانی و شەترەنج، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی بوو کە یارمەتیم بدەن لە دەستنیشانکردنی ئارەزوویەکم، ئەوەبوو لەنێوهەموویاندا شەترەنجم هەڵبژارد، هەروەها گوتی: لە ساڵی 1995بۆ یەکەمجار بەشداری پاڵەوانێتییەکی فەرمیم کرد کە پاڵەوانێتی سان پترسبۆرگ بوو بۆ خوار 8ساڵان، ئەوکات تەمەنم 7ساڵان بوو، لە ساڵی 2005کە ئەوکات تەمەنم 17ساڵان بوو توانیم میدالیای زیو لە پاڵەوانێتی رووسیای خوار 18 ساڵان بەدەست بهێنم، کاتیکیش لە خوێندن بووم یاریم بۆ یانەی زانکۆ دەکرد و چەندین جار لەسەر ئاستی زانکۆکانی سانت پترسبۆرگ پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە، دواتر چوومە رۆمانیا و یاریم بۆ خانمانی یانەی Aradکرد.

خەونی داهاتووی

ماریا یۆجینا سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ شەترەنج و خەونی داهاتووی گوتی: هەمیشە شەترەنجم خۆش ویستووە، بەتایبەتیش کە هاوسەرەکەم میهال مارین هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەرە و بەردەوام پشتیوانی یەکتر بووینە، بۆ ماوەیەک لە یاریکردن دوورکەوتمەوە و ئەرکی فێرکردن و راهێنان منداڵانم گرتە ئەستۆ، بەڵام دووبارە گەڕامەوە ناو پاڵەوانێتییەکان چونکە شەترەنج تێکەڵ بەژیانم بووە، خەونی داهاتووشم ئەوەی نازناوەکانی WIM-WGMبەدەستبهێنم، تا شووم نەکردبوو بژێوی ژیانم لەسەر شەترەنج بوو.

بارزان.. لەیادی جینۆسایدی 8 هەزار بارزانی خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری/ بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکی وخزمەتکردن بە تۆژی لاوان، ناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە یادی جینۆسایدکردنی 8000 هەزار بارزانی، هەستا بە کردنەوەی خولێکی تۆپی پێ بۆ 42تیپی سنووری چالاکی خۆی و دەوروبەریشی، بەتایبەتی کەسوکاری جینۆسایدکراوەکانی بارزانی.

شایانی باسە لەیەکەم یاری ئەم خولەدا هەردووتیپی برایەتی بلێ و دیاری بلێ بەیەک گەیشتن و دواجار تیپی برایەتی بلێ توانی بە 5گۆڵ بەرامبەر بە 4گۆڵ سەرکەوێت یاریبەکە بباتەوە.



مباپێ دیسان خەڵاتی باشترین یاریزان

لیستی ناوی باشترین یاریزان و راهێنەر دیاری کرا







یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، لیستی ناوی دە یاریزان و راهێنەری، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزان و راهێنەر (THE BEST) لە ساڵی 2019 بڵاوکردەوە، کە بڕیارە ڕۆژی 23ئەیلوولی داهاتوو، لە شاری میلانۆ دابەش بکرێت.

لستی ناوی یاریزانەکان بەم شێوەی لای خوارەوەیە: کریستیانۆ ڕونالدۆ (یۆفانتس)، لیونێل میسی (بەرشلۆنە)،محەمەد سەلاح، ڤێرجیل ڤان دایک و ساديۆ مانێ (لیڤەرپوول)، ئیدین هازارد (چێلسی- ریال مەدرید)، فرانکی دی یۆنگ (ئەیاکس- بەرشلۆنە)، ماتیاس دی لیخت (ئەیاکس- یۆفانتس)، کیلیان ئێمبابێ (پاریس سان جێرمان) و هاری کین (تۆتنهام هۆتسپێرز).

لیستی ناوی راهێنەرانیش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

یۆرگن کلۆپ (لیڤەرپوول)، جەمال بلمازی (هەڵبژاردەی جەزائیر)، تیتی (هەڵبژاردەی بەرازیل)، دیدێ دیشان (هەڵبژاردەی فەرەنسا)، پیپ گواردیۆلا (مانچستەر سیتی)، ماوریسیۆ پۆچیتینۆ (تۆتنهام)، مارسیلۆ گایاردۆ (ریڤەر پلێت)، ریکاردۆ گاریکا (هەڵبژاردەی پیرۆ)، فرناندۆ سانتۆس (هەڵبژاردەی پورتوگال) و ئێریک تن هاغ (ئەیاکس ئەمستردام).

لەسەر ئاستی خانمانیش،ئەلیکس مۆرگان و راهێنەرەکەی، جیل ئەلیس، بۆ خەڵاتی باشترین خانم یاریزان و راهێنەر پالێوراون، دوای بەشداریکردنیان لە بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالی خانمان لە فەرەنسادا. فیفا هەڵبژاردەکانی نیشتمانی، راهێنەری هەڵبژاردەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هاندەران مافی دەنگدانیان دەبێت. شیاوی باسکردنە، پارەکە، یاریزان لۆکا مۆدریچی کرواتی و راهێنەر دیدی دیشانی فەرەنسی، خەڵاتی باشترین یاریزان و راهێنەریان پێدرا.

ڕەمزی مەرەکانی

ئەرسنال داوای کۆتینهۆ دەکات

یانەی ئەرسنال دەیەوێ فیلیپ کۆتینهۆی یاریزانی بەرشلۆنە رازی بکات و بیباتە ریزەکانی خۆی، ئەم هەوڵەی ئەرسنال دوای ئەوە دێت کە یانە کەتالۆنییەکە هەوڵی ئەوە دەدات دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت.

یانەی ئەرسنال داوای لە بەرشلۆنە کردووە کە بەشێوەی خوازراو کۆتینهۆ بۆ ماوەی یەک ساڵ یاریبیان بۆ بکات، بەڵام هێشتا بەرشلۆنە وەڵامی ئەرسنالی نەداوەتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی بێدەنگیان نواندووە لە وەڵامدانەوەکە، بۆیە پێدەچێ بەرشلۆنە لەگەڵ ئەرسنال لەبارەی کۆتینهۆوە بکەوێتە گفتوگۆوە،



وەزیری هەرێم سەردانی یانەی قەڵا دەکات

ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

لەبارەگای یانەی وەرزشی قەلای تورکمان، سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و یاریزانان پێشوازیان لە ئایدن مەعروف وەزیری هەرێمی کوردستان کرد. وێرای بەخێرهاتن وبیرۆزبایی لێکردنی لەلایەن ئەندامان ویاریزانانی یانەی قەلای تورکمان کە بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی وەزیری هەرێمی کوردستان، ئایدن مەعروف لەلای خۆیەوە خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەندامان و یاریزانانی یانەی وەرزشی قەلای تورکمان ڕاگەیاند کە هەمیشە حزوریان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا هەبووە و هیوای سەرکەوتنی بۆخواست، هەروەها بەڵێنی ئەوەی پێدان کە هەرچی لەتوانایدا بێت بۆ پێشخستنی ئاستی یانەکە لەسەرجەم بوارەکان هەمیشە دریغی ناکات و بەهەموو شێوەیەگ پاڵپشت و هاوکاری یانەکە دەبین لەهەموو ڕوویەکەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 5. Aug. 2019 No: (5804)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

زۆرگریام و تاڵییم چەشت تاوەکو هەموو قۆناغە سەختەکانم تێپەڕاند

پەرواز حسێن: بەرنامەی (عەرەب ئایدڵ) دەنگ و بەهرەی منی بە دونیا ناساند



خەبات: سوێن سلێمان

لەچاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ خەبات خانمە هونەرمەند "پەرواز حسێن" دەڵێت؛ من لە شارەدێی"قەڵادزێ" لە دایک بوم، بەڵام ئێستا نیشتەجێی شاری"هەولێرم" چۆنییەتی بەشداری کردنی خۆی لە بەرنامەی "عەرەب ئایدڵ" باس دەکات و دەڵێت:من خۆم هەر لە منداڵییەوە حەزم بە گۆرانی گوتن کردووە،زۆرحەزم بە دەرکەوتن نەکردووە، پێشتر،بەرنامەیەک هەبوو بە ناوی"ستار ئەکادیمی" کە لە وڵاتی لوبنان بەڕێوە دەچوو ،وبستم بەژداری بکەم ،بەڵام دواتر، بەرنامەیەکی تر هات کە ئەویش بەرنامەی"عەرەب ئایدڵ"بوو، من سوپاس گوزارم کە بۆ یەکەم جار پرۆگرامەکە هاتە کوردستان وعێراق بە نسیبی من بوو،لە "9" هەزار کەس لە عێراق و کوردستان یەکەم کەس بوم کە هەڵبژێردرام کە تێدا گۆرانییەکی کوردی و عەرەبیم گووت ،لێژنەکە بە گۆرانییە کوردییەکە زیاتر سە رسامی دەنگی من بون توانیم بە سەرکەوتوویی یەکەم قۆناغ تێپەڕێنم،بە بەشداری کردنم لە و بەرنامەیە خەونەکەم هاتەدی، هەروەها توانیم تا ڕادەیەکی زۆر باش قۆناغەکان بە سەرکەووتویی تێپەڕێنم، زۆر ماندووبوم ، زۆرگریام ، زۆرتاڵیم چەشت تاوەکو هەموو قۆناغە باشەکان وسەختەکانم تێپەڕاند، بەڵام لە کۆتا پرۆگرام بەهۆی کەمی دەنگ نەم توانی بەردەوام بم، هەروەها بە گۆرانی"تاشق مەبە" کە من و هاوسەرەکەم "گۆران سالح" بە پێکەوە پێشکەشمان کرد ، کە دەنگ دانە وەیەکی زۆر باشی لێکەوتەوە، ئەو گۆرانییە منی ناساند، ئێستاس لە یوتیوب زیاتر لە "47" ملیۆن بینەری تێپەڕاندووە ، بە گووتنی ئەو گۆرانییە تە واوی لێژنە کە و بینەری سەرسام کرد، لە پرسیارێکدا کە تا ئێستا چەند کلیپی هەبووە؟ لە وڵامدا دەڵێت؛ من بەرهەمەکانم پوختن و بەداواچونی زۆری بۆ دەکەم، دەمەوێت بەرهەمەکانم کوالیتی بێت وە بۆ هەمیشە بمێنێتەووە سەرەتا بە بەرهەمی"کوردستان" لە گەڵ گۆران سالح ی هاوسەرم بە دوێت لە سالی"2014" بڵاومان کردەووە، دواتر کلیپی"کل جدید" ،کە بە زمانی کوردی و عەرەبی بوو هەر لە سالی"2014" بڵاوم کردەووە، دواتریش کلیپی" رۆژانی خۆشەویستی" کە لە تێکست و ئاوازی "سامی ئەرگوشیی" لە سالی"2017" بڵاوم کردەوە، دواتر گۆرانی"من جمالک" کەبە زمانی عەرەبی بوو لە سالی"2018" کە تیکستی"حمد غریب الشمیری" ئاوازی"احمد حداد"ە لە دەرهێنانی "گۆران سالح ی هاوسەرم، کلیپێکی تریشم ئەو سالّ بڵاوبووە بەزمانی عەرەبی بە ناوی"کل مشاعر"

لەپرسیارێکدا کە ئایا هیچ ئەلبومێکی بەردستە؟

لە وڵامدا دەڵێت؛ بەڵی من لە ئێستادا کاربۆ ئەلبومێک دەکەم لە گەورە ئاواز دانەری کوردو عەرە ب کار لەسەر ئەلبومەکەم دەکەم ، ئەلبومێک دەبێت ماندوو بونێکی زۆری پێوە دیار دەبێت، پلانی دوێتیکی باشم هەیە، لە کۆتاییدا دەڵێت؛ بەرنامەی"عەرەب ئایدڵ"وای کرد من هەوادارێکی زۆری کورد و عەرەبم هەبێت، سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە وا بەهرەی دەنگ خۆشی پێدام، سوپاسی"mbc دەکەم کە دەنگ و بەهرەی منی گەیاند سوپاسی هەموو کەس و لایەنێک دەکەم کە پشگیری لێکردم بە بێ جیاوازی، ئە و خەڵکە خۆشەویستەی پشگیری کارەکانم دەکات،وە سوپاسی سپۆنسەرەکانم دە کەم کە لە کلیپەکانم هاوکاری مادەی من دەکەن.

نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە بەرلین ساز دەکرێت

هەمزە سەرحان / خەبات

نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین، لە ڕۆژانی یەک تاوەکو 7ئەم مانگە لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا سازدەکرێت و بەرهەمی سینەماکارانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سینەماکارانی ئەوروپی تێیدا نمایش دەکرێن.فێستیڤاڵەکە بە هاوکاریی سینەمای بابیلۆن و سینەمای مۆڤیمێنتۆ لە بەرلین بەڕێوەدەچێت. بەپێی ڕاگەیێندراوی فێستیڤاڵ، لە خولی ئەمساڵدا بایەخێکی تایبەت بە بەشداریی ژنانی کورد لە سینەمای کوردی و بارودۆخی ژنان لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێت. "کچانی خۆرەتاو" کە فیلمێکی جەنگییە و ژنان ڕۆڵی تێیدا دەگێڕن و بەشێک لە قارەمانێتی و خەباتی ژنان لە شەڕی دژی داعشدا پێشان دەدات، گولشیفتە فەراهانی، ئەکتەری ناسراوی ئێرانی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. بەڵگەفیلمی (فەرمانێدە ئاریان) لە دەرهێنانی ئالبا سۆتۆرا، بەڵگەفیلمی (دیستانت) لە دەرهێنانی لەیلا تۆپراک، بەڵگەفیلمی (بەرەو ئازادی) لە دەرهێنانی عەلیڕەزا محەمەدیان و بەڵگەفیلمی (دیالۆگ) لە دەرهێنانی سەلیم یڵدز لە خولی ئەمساڵدا بەشدارن. ناوەڕۆکی هەموشیان لەبارەی پرسی ژنە.لە نوێترین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلیندا، 30فیلمی سینەمایی، کورتەفیلم و بەڵگەفیلمی سینەماکارانی کورد و ئەوروپی نیشاندەدرێن.



فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین لە سالی 2003وە لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمی (میتۆس فیلم)ـەوە و بە هاوکاریی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بەڕێوە دەچێت و بە یەکێک لە فێستیڤاڵە سینەماییە گرنگەکانی سینەمای کوردی دەناسرێت.



کوردستان فۆتۆ لەیەک هەفتەدا دووچالاکی ئەنجامدا کەپێشووتر نەکرابوون

بەرهەم شێخ عزەدین: دەربارەی ئەم پێشەنگایە شێرزاد ڕەسول فەقێ : جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بە ڕۆژنامەی ''خەبات''ی ڕاگەیاند: پێشانگەی منداڵانی وێکچوو تایبەت بوو بە منداڵە وێکچوو جمکەکانی کوردستان،بە ناونیشانی ''باخێک لە پەلکە زێرینەی منداڵانی وێکچوو ''کرایەوە و تێیدا ١٦فۆتۆگرافەر لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بیان تێدا کردبوو، دیمەنی دیداری دووانان ٣٢منداڵی وێکچوو بوون،هەر لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو کوردستان فۆتۆ پێشانگەیەکی دیکەی بە ناونیشانی (ڕۆژئاوا لە نێوان ژاپۆن و کوردستان دا) بۆ (ئەنووک مەلا)ی دانیشتووی ئیسپانیا کردەوە، کە تایبەت بوو بە وێنەی ئەنیمەیشن، ئەنووک بە ٢٥وێنە بەشدار بوو چەندان وێنەشی کردە دیاری منداڵان. شایەنی باسە پێشانگەکان لە بەشی سمایلاند لە میگامۆڵ لە هەولێر کرانەوە.



باکوور.. دیمەنێک لە کێڵگەی ووشکردنەوەی بیبەر